

# حەسەن جاف:

## هەر چیرۆکێکم نووسیبێ، هەوڵم داوە لە کەرکووکەوە دەست پێ بکات.. ئەوەندەش هەست بە تەنیایی و دڵتەنگی و بێکەسی دەکەم، ناتوانم یەک دێڕ بنووسم.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٢ - ٤)

* حەسەن عەباس بەهرام جاف، کە لەناو خەڵکیدا بە حەسەن جاف ناسراوە، کۆمەڵێک چیرۆک و هەندێ نۆڤلێت و ڕۆمانی نووسیوە، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ، ڕەخنەگر و لێکۆلەر بووە. کەسێکی نەتەوەیی و کوردپەروەر، کوردێکی سادەلەوح و خاکەڕا، عاشق و دێوانەی کوردستان بوو، تا ئەم ساڵانەی دوایی (واتە پێش مردنی)، هەمیشە کەسێکی پاکوتەمیز و ڕێکپۆش دەهاتە بەرچاو، پۆشتە و پەرداخ و ڕیشتاشراو، چاکەت و پانتۆڵی لەبەر دەکرد و بۆینباخی دەبەست، قژێکی خاو و پڕی هەبوو، کەسێک بوو هەمیشە بە دەنگ و تۆنێکی بەرز قسەی دەکرد، کە گەرم دەبوو، خێراخێرا وشەکان وەک بەڕوو لە دەمی دەهاتنەدەر و دەتەقینەوە، هەرچەندە لەوەتەی دیومە و ناسیومە، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان بە جلی کوردییەوە نەکەوتووەتە پێش چاوم، بەڵام وەک کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆری کورد و داکۆکیکار لە کوردستان و نەتەوەکەی و شارەکەی دەردەکەوت.

* حەسەن جاف، بە ڕەچەڵەک کوڕی کەرکووکە، لە گەڕەکی (ئازادی) و (تەپەی مەلا) فامی کردووەتەوە و منداڵیی خۆی بەسەر بردووە، شاری کەرکووکی زۆر خۆش دەویست، زیاتر وەک ڕۆژنامەنووس و نووسەر و وەرگێڕێکی کەرکووکی دەناسرا، چونکە کەرکووکییەکی ڕەسەن بوو، کەرکووک و ڕۆحاوی کەرکووک، بە ناو ناخ و دڵ و دەروون و گیانیدا چۆڕابوونەوە و چووبوونە خوارێ. ئەو زۆرجار بۆی دەگێڕامەوە چۆن منداڵیی خۆی لە گەڕەکەکانی ئازادی و تەپەی عەبدوڵڵا بەسەر بردووە، بۆی باس

دەکردم، چەند ژیانێکی پڕ دەردەسەری ژیاوە و چۆن گەورە بووە، یان چەند منداڵییەکی بریندار و پڕ ئازاری گوزەراندووە، خۆی دەیگوت بە منداڵی، تا گەورەش بووە خراپترین ژیانی هەبووە. جارێ لە تەمەنی (٨) مانگیدا دایکی کۆچی دوایی کردووە، دوای (٤) ساڵ، باوکی ژنی هێناوەتەوە، ئەو ژنەی لە پیاوێکی دی، دوو کچی هەبووە، بۆیە دەڵێ ئەگەر خەڵکی باوەژنێکی هەبووبێ، ئەوە من (٣) باوەژنم هەبووە، هەرچەندە باوەژنەکەی زۆر لەگەڵی خراپ بووە، بەڵام دەڵێ لەوەدا بەختم هەبوو کە کچە گەورەکەی ئەو باوەژنەی لەگەڵی باش بووە.

* کاتێک باوکی کۆچی دوایی کردووە، لە پۆلی (٤)ی سەرەتایی بووە، بۆیە کەوتووەتە لای نەنکییەوە، ئیدی ئەو نەنکەی بە چەرمەسەری و مەمرە و مەژی، بە نانکەریی ماڵان بەخێوی کردووە، وەرە تۆ لەو ژیانە سەختەدا بژی، بە نەبوونی و کولەمەرگی ژیانت بەسەر ببەیت، لەولاشەوە لە تەمەنی لاوێتیدا تووشی شێرپەنجە بیت، ئەگەر بەرانبەر بەو دەردە نەگریسە خۆڕاگر و کەللەڕەق و عیناد نەبوایە، ورە بەرز و گیانی ئالەنگاری و تەحەدای تێدا نەبوایە، ئەوە قەت نەیدەتوانی بەسەر نەخۆشییەکەیدا زاڵ بێ و هەرگیز لەو زۆرانگرتنەدا بەسەریدا سەرنەدەکەوت، ئەی ئەوە بەدبەختی نەبێ، نەگبەتی چۆنە؟ سەرەڕای هەژاری و دەستکورتی و بێ دایک و باوکی، تووشی ئەو نەخۆشییە مەترسیدارە بیت و بە سەلامەتی لێی دەرچیت.

* گوتمان نەنکی بە نانکەریی ماڵان بەخێوی کردووە، ئەو نەنکەی بەو نەخوێندەوارییەی خۆیەوە، بەو هەموو ئەرکەی لەسەر شانی بووە و لە پێناوی نەوەکەی کێشاویەتی، کەچی زۆر حەزی کردووە مەکتەبە گەورەکە، کە مەبەستی لە زانکۆ بووە، لە بەغدا تەواو بکات، بۆیە وێڕای هەژاری و دەستکورتی و بە هاندانی ئەو نەنکەی



ئازاد عەبدولواحید ـــ حەسەن جاف

کە وەک خدری زیندە بۆی پەیدا بووە، بە نەبوونی و نەخۆشی، دەستبەرداری خوێندنەکەی نەبووە، ئافەرین، هەزار جار ئافەرین بۆ ئەو نەنکەی کە تا تەواوکردنی (مەکتەبە گەورەکە)، پشتیوانی بووە و کۆڵی نەداوە، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان گوێی لە قسەی کەس نەگرتووە و پشتی نەوەکەی بەرنەداوە، هەچەندە زۆر کەس سەریان کردووەتە سەری کە با نەوەکەت واز لە خوێندن بهێنێ و خەریکی کار و کاسبی، یان فێری سنعاتێک بێ، بەڵام ئەو نەنکەی قسەی ئەوانە نەچووە بە گوێیدا و لەسەر قسەی خۆی مکووڕ بووە کە هەر دەبێ مەکتەبە گەورەکە تەواو بکات.

* حەسەن جاف، سەرەتا لە کەرکووک خوێندنی سەرەتایی، لە قوتابخانەی (خالیدیە) بە زمانی عەرەبی خوێندووە، دواتر چووەتە ناوەندیی موسەڵڵا و (٥)ی سانەوی (دوا ناوەندی) لەو قوتابخانەیە تەواو کردووە، چونکە ئەوسا لە جیاتی (٦) ساڵ، بە (٥) ساڵ سانەوی دەخوێنرا و تەواو دەبوو، بۆ خوێندنەکەشی هەر بەپێ لە کەرکووکەوە چووەتە (بەشیر)، لەوێ نان و ماستاو، یان نان و چایەکی خواردووە، بەو کولەمەرگییە (٥)ی سانەوی تەواو کردووە و چووەتە زانکۆ و لە بەغدا درێژەی بە خوێندنەکەی خۆی داوە، دواجار مراز و خەونی

نەنکی هێناوەتە دی، هەرچەندە ئەو دوو خاڵی هەبووە و هاتوچۆی ماڵی خاڵێکیشی کردووە کە ناوی (مەلا ئەحمەد)ە و زۆریش لەگەڵی باش بووە، بەڵام نەنکی نەیهێشتووە بچێتە لای کەسیان.

* ئەو نەبوونی و دەستکورتی و دۆخە سەختە، کاریگەری زۆری بەسەر ژیانییەوە بەجێهێشتووە، وەک خۆی دەڵێ: (گرێیەکی دەروونیی زۆر گەورەی لەلای بەجێهێشتووە)، سەرەڕای نەبوونی دایک، کە بۆشاییەکی گەورەی لە ژیانیدا دروست کردووە، لە سۆز و میهرەبانیی باوکیشی بێبەش بووە، بۆیە سەیر نییە وەک کەسێکی توندە تەبیعەت و زبر و توورە و هەندێ جار هەڵەشە دەرکەوێ، ئاخر کە کەسێک نەبووبێ سۆزی بداتێ و میهرەبانی لەگەڵی بنوێنێ و لە خۆشەویستی بێبەش بووبێ، بێگومان ئەویش لەگەڵ دەوروبەرەکەی توند و ڕەق و زبر دەردەچێ. ئەو هەر لە هەڵسوکەوتەکانی ژیانی ئاسایی خۆیدا وشک و توند نەبوو، بگرە لە کاتی دەربڕینی بیروڕا و بۆچوونەکانیشیدا هەر ڕەق و توند و زبر بوو، لە ناوەندی ئەدەبیشماندا زۆر کەس لەگەڵی نەدەگونجان، لە نووسینی ڕەخنەشدا هەر توند و ڕەق دەکەوتەوە. لەبیرمە جارێک لە ڕۆژنامەی (ژین)ی کاکەی فەللاح بابەتێکی ڕەخنەیی لەبارەی چیرۆکەکانی (سەلام مەنمی)یەوە نووسیبوو، ئەویش (جاف)ەکەی بۆ کردبووە (وشک)، ئیدی وەک دەبینین کەسێک کە ئەوەندە لە سۆز و خۆشەویستی بێبەش بووبێ، خۆشیی لە ژیانی خۆی نەدیبێ، ژیانیش ئەوەندە لەگەڵی دڵڕەق بووبێ و بێبەزەییانە ئازاری بە دەستەوە چەشتبێ، کەواتە زۆر چاکیشە تا ئەوێ و بەو شێوەیەی هێنابێ.

* حەسەن جاف، سەرەتاکانی نووسینی وەک هەموو نووسەرانی کورد، بە شیعر دەست پێکردووە، هەموو شیعرەکانی لە دیوانێکدا کۆکردووەتەوە و لە سلێمانی بردوویەتی بۆ چاپخانەی کامەران، بە ڕێکەوت (کامەران موکری)ی شاعیر لەوێ بووە، دیارە هەر ئەو کاتە کۆمەڵە شیعرەکەی لێ وەردەگرێ و چەند دانەیەک لە شیعرەکانی دەخوێنێتەوە، بەڵام بە دڵی نابێ، بۆیە پێی دەڵێ بە قسەم بکە ئەو شیعرانە چاپ مەکە، ئەویش بەهۆی ئەو قسەیەوە بوو تا مردیش ڕەحمەتی بۆ گۆڕەکەی کامەران موکری دەنارد، کە بووبووە هۆکاری چاپ نەکردنی شیعرەکانی، یان ئەوەی ناوی لێنابوون (شیعر)، دیارە ئەو شیعرانەی لەلا مابوون، بۆیە هەمیشە دەیگوت کە دەیانخوێنمەوە عەرەق دەردەدەم، نووسینی ئەو شیعرانەی ئەگەر تاکە سوودێکیان هەبووبێ، ئەوەیە لە نزیکەوە کامەران موکری ناسیوە، چونکە لە ژیانی داهاتوویدا زۆر دەبنە هاوڕێی یەکدی، بەمەش ڕێڕەوی ژیانی بەرەو ئاقارێکی دی گۆڕیوە.

* باوکی حەسەن جاف کتێبێکی هەبووە، بەردەوام ئەو کتێبەی خوێندووەتەوە، دیارە کتێبەکە (شانامە)یە، لەو کتێبەدا باسی ڕۆستەم و زۆراب و بێژەن و مەنیجە و ڕۆستەم و جەهانگیر کراون، نەک هەر تەنیا خۆی ئەو کتێبی شانامەیەی خوێندووەتەوە، بەڵکوو بۆ زۆربەی ئەوانەی سەردانیشیان کردووە، لەوانە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بەگزادەکانی جافی خوێندووەتەوە، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە سەردانی ماڵەکەیان کردووە. باوکی کە سەر بە عێلی جافە، زۆربەی بەگزادەکانی جاف، داوود بەگی جاف و ئەوان کە سەردانی شاری بەغدایان کردووە، چوونەتە لای و لە ماڵی ئەوان لایان داوە و شەو لەلایان ماونەتەوە، ئەویش ئەو کتێبەی بۆیان خوێندووەتەوە، دیارە (حەسەن جاف)یش لە کاریگەریی خوێندنەوەی بەردەوامی ئەو کتێبە لەلایەن باوکییەوە و بوونی ئەو کتێبە سەرنجڕاکێشە و گوێگرتن لێی بە دوور نەبووە، بە تایبەتیش ئەوەی زیاتر سەرنجی ئەو منداڵەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئەوەیە کتێبەکە بە زمانی کوردی بووە و هەر بە زمانی کوردی خوێندراوەتەوە و بە گوێی دادراوە، بەڵام لەوە دڵنیا نییە کە باوکی کتێبەکەی کردووە بە کوردی، یان کتێبەکە خۆی بە

زمانــی کــوردی بــووە. کەشــی خوێندنــەوەی ئــەو کتێبــە لــە ماڵەکەیانــدا، هانــدەر بــووە بــۆی، بــۆ ئــەوەی بــەرەو دنیای خوێندنەوە بڕوا، دواتـر بـەرەو نووسـین (گێڕانـەوە) پەلکێشـی بکـەن، بەهـۆی دەنگخۆشـییەکەی باوکیشـییەوە کـە بـە دەنـگ کتێبەکـەی خوێندووەتـەوە، زیاتـر سـەرنجی ئەویـان بـەلای ناوەڕۆکـی کتێبەکـەدا ڕاکێشـاوە، جگـە لـەو لایەنـە، باوکـی ئـەو نووسـەرە دوو بەهـرەی هەبـووە، کـە ئەوانیـش بەهـرەی: (دەنگخۆشـی) و (خەتخۆشـی)یە، دەنگخۆشـییەکەی وەبـەر (محەمـەد عەبـاس بـارام)ی بـرای کەوتـووە و خۆشنووسییەکەشـی بەبـەر حەسـەن جـاف کەوتـووە.

* حەسـەن جـاف، ئەگەرچـی دەرچـووی بەشـی جوگرافیایـە، بـەڵام بـۆ نووسـین و ئەدەبیـات (بـە تایبەتـی چیـرۆک و نۆڤلێـت و ڕۆمـان) هیـچ سـوودێکی لـەو خوێندنـەی وەرنەگرتـووە، تەنانـەت بـە چـاوی خـۆی و بـە تـەواوی شـار و شـارۆچکە و ناوچەکانـی عێراقـی نەدیـوە، یـان زۆر کـەم شـار و شـارۆچکەکانی عێراقـی دیـوە، بۆیـە لـە عێـراق جگـە لـە حیللـە و بەعقووبـە، جارێکیـش بـۆ سـەردانی ئـازاد مسـتەفای پاسـۆک سـەردانی سـەماوەی کـردووە، ئیـدی شـوێنی دیکـەی نەدیـوە، بـەڵام بەهـۆی مامۆسـتایەتییەوە لـە وڵاتانـی عەرەبـی، سـعودیە و جەزایـر و (مەغریـب)ی دیـوە و بـۆ مامۆسـتایەتی چووەتـە ئەو وڵاتانـەوە، لەو وڵاتانەشـدا هەوڵـی داوە ناسـنامە کوردییەکـەی خـۆی زەق بکاتـەوە، چونکـە مامۆسـتایان و قوتابییەکانـی لـەو وڵاتانـەدا پێیـان گوتـووە تـۆ کـە موسـڵمانی، کەواتـە دەبـێ عـەرەب بیـت، بـەڵام ئەوەنـدە بـە جوانـی باسـی کوردسـتانی بـۆ کـردوون، پێیـان گوتـووە کـە کوردسـتان ئەوەنـدە جـوان و خۆشـە، باشـە بۆچـی بـۆ ئـەو نـاوە هاتـووی؟ دوایـی دەڵـێ بێجگـە لـە یەمـەن و سـودان، هـەر ئـەو سـەردەمە هەمـوو وڵاتانـی عەرەبیـم دیـوە و گـەڕاوم، کەچـی لـە کوردسـتاندا زۆر کـەم گـەڕاوە و زۆر کـەم شـارەزای شـار و شـارۆچکەکانیەتی.

* لـە سـاڵانی شەسـتەکاندا چووەتـە شـاخ و بووەتـە پێشـمەرگە، بـۆ چوونـە شـاخ وازی لـە خوێندنـی زانکـۆ هێنـاوە، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٦٤ کـە لەنـاو شـۆڕش دووبەرەکـی دروسـت دەبـێ، ئـەو لـە لێخۆشـبوونێکدا یەکسـەر دەگەڕێتـەوە، ئـەو کاتـەش کـەس ئامـادە نەبـووە (٥) دینـار مانگانـەی بـۆ سـەرف بکـەن تـا خوێندنەکـەی تـەواو بـکا، تەنانـەت (پارتـی)ش کـە کاتـی خـۆی لەناویـدا ئەنـدام بـووە، ئامـادە نەبـووە یارمەتـی بـدا، تـا ئـەو کاتـەش نـەک هیـچ نووسـینێکی نەبـووە، بگـرە یـەک حەرفیشـی نەنووسـیوە. کاتـێ دەیـەوێ بگەڕێتـەوە زانکـۆ و درێـژە بـە خوێندنەکـەی بـدا، دەبینـێ لە بەشـە ناوخۆییەکـەی وەری ناگرنـەوە، نەشـیتوانیوە وەک جـاران لـە پـاڵ بەشـە ناخۆییەکـە، بـە (٥) دینـاری نەنکـی، کـە مانگانـە بـۆی نـاردووە بژی، بۆیـە بڕیـار دەدا لەبـەر دەسـتکورتی و نەبوونی، بـە ناچـاری دەسـت لـە خوێنـدن هەڵبگـرێ، بـەڵام بـۆ تەواوکردنـی خوێندنـی زانکـۆ، لـە پـڕ هاوشـارییەکی خـۆی وەک فریادڕەسـێک لێـی پەیـدا دەبـێ و ڕێگـەی لـێ دەگـرێ لـە خوێندنەکـەی دوور بکەوێتـەوە.

* حەسـەن جـاف دەڵـێ: ئێسـتاش نازانـم کـێ هەواڵـی دەسـت هەڵگرتنـم لـە خوێندنـی زانکـۆی گەیاندبـووە ئـەو هاوشـارییەم، کـە ئـەو هاوشـارییەی دێتـە لای، ڕێکوڕاسـت دەیباتـە ڕۆژنامـەی (صـوت العـرب)، بـۆ لای فـەوزی عەبدولواحیـدی سەرنووسـەر، کـە چووەتـە ڕۆژنامەکـە، سەرنووسـەر تاقـی کردووەتـەوە و داوای نووسـینێکی لـێ دەکات تـا بزانـێ زمانـی عەرەبییەکـەی چۆنـە، ئەویـش لەبـەر ئـەوەی خوێندنیـان بـە زمانـی عەرەبـی بـووە، بـە زمانـی عەرەبـی وتارێـک لەبـارەی بەسـتنی کۆنگـرەی عەرەبییـەوە بەنـاوی (مؤتمـرات القمـة العربيـة والانحـدار نحـو القـاع) دەنووسـێ، بـۆ بەیانییەکـەی دەبینـێ وتارەکـەی کراوەتـە سـەروتاری ڕۆژنامەکـە و بڵاوکراوەتـەوە، لێـرەوە کـە بـە ڕێکـەوت بـووە بـە نووسـەر، دەسـت بـە نووسـین دەکات و متمانـە بـە خـۆی پەیـدا دەکات، ڕۆژی پاشـتر لـە بەشـی

سیاسەتی نێوەدەوڵەتی دەستبەکار دەبێ و مانگانەی (٢٥) دیناری بۆ دەبڕنەوە، ئیتر کە بووەتە خاوەنی مووچەی مانگانەی خۆی، چیتر نەیهێشتووە نەنکی خەریکی نان کردنی مالآن بێ، هەر لەو ڕۆژنامەیەشدا گۆشەیەکی هەفتانەی نووسیوە.

* ئەو هەرچەندە پێشتر سەروساختی لەگەڵ خوێندنەوەدا هەبووە، بەڵام هیچ نووسینێکی نەبووە، لێرەوە دەست بە نووسین دەکات و هەندە نابات خۆی لە نووسین و دنیای ئەدەبیاتدا دەبینێتەوە، وێڕای ئەوەی نووسینەکانی ئەو سەرەتایەی بە زمانی عەرەبی بوون، بەڵام دوایی لەلایەن دۆستێکی نزیکییەوە (کە شاعیر و هونەرمەند خالید دلێرە) ئەو کاتە لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک کرێکار بووە، بە توندی سەرزەنشت دەکرێ کە چۆن دەبێ ئینسان کورد بێ و بە زمانی کوردی نەنووسێ، ئەو قسەیە زۆر کاری تێ دەکات، بۆیە ڕوو دەکاتە کوردی نووسین. لەو ڕۆژنامەیەدا جارێکی دی (سەدرەددین عارف)ی کۆنە هاوڕێ و هاوشاریی خۆی دەبینێتەوە، کە لەوێ وەک وەرگێڕ کاری کردووە، هەر لە ڕۆژنامەکەدا کەسانی وەک حەسەن عەلەوی و سامی مەهدی و فەلاح ئەلعماری ناسیوە.

* لەو هەموو هاتنەی بۆ لامان، هەندێ شت هەن پێم باشە بیانگێڕمەوە.. دوای ئەوەی خوشک و براکانمان (کوردانی ڕۆژئاوا) لێیان قەوما و ڕۆژانە کوشتوبڕ دەکران، بەشێکی زۆریان کەوتنە دیوی باشوور، هێشتا ئەوان کەمپیان بۆ دروست نەکرابوو، بۆیە لەو سەرەتای هاتنەیانەوە، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە بانگەوازی هاوکاری کردنیان بە گوێی خەڵکەکە دادرا، خەڵکی هەولێریش وەک پیشە و نەریتی هەمیشەییان زۆر مەردانە و جوامێرانە بە پیر بانگەوازەکەوە چوون، کەمپەینەکە لەلای پارکی شانەدەر بوو، هاووڵاتییانی شارەکە هەریەکەیان بە پێی دەسەڵات و توانایی خۆیان هاوکارییان بۆ دەبردنە ئەوێ، (حەسەن جاف)ی تایین سۆزی نەتەوەیی بۆیان جووڵا بوو، چووبوو هەموو نوێنەکانی ماڵەکەی خۆی (دۆشەک و لێفە و بەتانیە و سەرینەکانی) بۆ بردبوون، دواتر بیری کەوتبووەوە کە خۆی هیچی لە ماڵەوە نەماوە لەو زستانەدا بیدا بە خۆیدا، لە مەڵبەندی گشتیی نووسەران هاتە ژوورەکەم، سکاڵای حاڵی خۆی بۆ کردم کە هیچ نوێنێکی نەماوە لەو سەرمای زستانە بەکاری بهێنێ، من کە لەوێ دەسەڵاتی پارە سەرف کردنم نەبوو، چونکە بەپێی یاسا و پێڕەو و پرۆگرام (سەرۆکی نووسەران) بڕیاری پارە خەرجکردنی لەلایە، (آمر بالصرف)ـە و ئەو دەسەڵاتەی هەیە، بۆیە لە ژوورەکەم بەجێم هێشت و خۆم چوومە لای ڕەوانشاد کاکەمەم بۆتانی، داوای (٥٠٠) هەزار دینارم بۆ کرد کە لە بودجەی مانگانەی نووسەران بیدرێتێ، بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە، کە زانی ئەو بڕە پارەیەم بۆ پچڕیوە و بڕیاری بۆ دراوە، کۆڵێک پێی گەشایەوە و شاگەشکە بوو، چونکە خۆی گوتەنی گرفتێکی گەورەی لە کۆڵ بووەوە.

* ساڵی ٢٠١٢ لە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەستپێشخەریمان کردو پێشبڕکێیەکمان ڕاگەیاند، پێشبرکێیەکە بۆ ئەو ڕۆمان و نۆڤلێتانە بوو کە سەبارەت بە جینۆسایدکردنی کورد نووسرابوون، لە بانگەوازەکەدا داوامان کردبوو هەموو ئەو نووسەرانەی لە ڕابوردوو، یان ئێستا، ئەگەر ڕۆمان و نۆڤلێتیان لە بارەی ئەنفال و کیمیاباران نووسیوە، بۆمانی بنێرن، من سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندنی ئەو پێشبرکێیە بووم، لە کۆی ئەو (١٢) بەرهەمەی بە دەستمان گەیشتن، حەسەن جاف یەکێک لە بەشداربووەکان بوو، لە پێشبڕکێیەکەدا کە کردم بە براوەی سێیەمی خەڵاتەکە، پتر مەبەستم بوو ئەو بڕە پارەیەی بدرێتێ و کەمێک قورسایی ژیان و گوزەرانی خۆی پێ سووک بکات و نەختێ ژیانی باشتر بێ.

* حەسەن جاف کە زوو زوو لە ئۆفیسی ڕامان سەردانی دەکردم، لەم ساڵانەی دوایی داوای لێکردم لە ژوورێکی گۆڤاری ڕامان، کورسی و مێزێکی بۆ دابین بکەم تاکوو ڕۆژانە بێتە لامان و خۆی خەریکی خوێندنەوە و نووسین بکات، ئەوەشی پێ ڕاگەیاندم ئەگەر ئێمە ئیشێکی گۆڤارەکەمان هەبوو، ئەو ئامادەیە بەبێ بەرانبەر بۆمانی جێبەجێ بکات؛ من و ئەو لەو کەینوبەینەدا بووین و بەڵێنم پێ دابوو لە ژوورێکدا کە کورسی و مێزی لێ بوو، ڕۆژانە بێت و کەی ویستی سوودی لێ وەربگرێ و خەریکی کاری خۆی بێت، هێندەی پێ نەچوو، دیار بوو لەگەڵ برادەرانی دەزگای موکریانی، بە تایبەتی بەرپرسەکەی (کاروان عەبدوڵڵا) گرێبەستێکی بۆ کرابوو تا بچێتە لایان و لەوێ کاریان لەگەڵ بکات. ڕاستییەکەی لەلای ئێمە هیچ دەسەڵاتێکی وامان نەبوو گرێبەست بۆ هیچ کەسێک بکەین، چونکە ئەو دەسەڵاتەم هەبوایە و دەستم کراوە بوایە، ئەوە بێ سێ و دوو ئەو کارەم بۆ دەکرد، بەڵام برادەرانی دەزگای موکریانی دەیانتوانی لە بودجەی مانگانەی بەردەستیان، ئەو کارەی بۆ بکەن، هەروەک چۆن دەیانتوانی ناو بە ناو کتێبێکی ڕووبەڕوو بکەنەوە و بەرانبەر بڕە پارەیەک بۆیانی وەربگێڕێ.

* حەسەن جاف، وەک ڕۆژنامەنووسێک، لە زۆر ڕۆژنامەدا کاری کردووە، سەرەتای دەست پێکردنەکەی لە ساڵی ١٩٦٤ لە ڕۆژنامەی (صوت العرب) بووە، لەوێش گۆشەیەکی بەناوی (کلمات عابرة) هەبووە. کە لە ناوەندیی کاژاو لە سلێمانی بەڕێوەبەر بوو، بە پشتیوانیی دارایی عەلی بۆسکانی، ژمارەیەکی لە گۆڤاری (کاژاو)، دەرکرد، کە هەر خۆی سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو و بە هاوکاری مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە ئەو ژمارەیە دەرچوو، ئەگەر پاڵپشتی داراییان هەبوایە، ئەوە دەیانتوانی زۆر ژمارەی دیکەی لێ دەربکەن. دوای ڕاپەڕین لە ڕۆژنامەی (بغداد) کە هی جەماعەتی (الوفاق الوطني)ی ئەیاد عەلاوی بوو کاری کردووە، هەرچەندە ئەو سەرپەشتیاری چاپی ڕۆژنامەکە بووە، بەڵام ناو بە ناو وتاریشی بۆیان نووسیوە، دوایی هەر لەوێ عەمیدێک کە لە سوپای عێراق ڕای کردووە، ناوی (عەدنان محەمەد نووری) بووە، گۆڤارێکی بەناوی (آفاق عربیة) دەرکردووە، کە تەنیا (١) ژمارەی لێ دەرچووە، دوای ماوەیەک لە ڕۆژنامەی (ڕزگاری)دا کاری کردووە، دەڵێ: بەو مەرجە سەرنووسەریم بۆیان کرد، کە ئەوان چۆن بیر دەکەنەوە، ئەوە گرفتی من نییە، بەڵام پێم وتن سەروتار خۆتان بینووسن، ئەوەی دی بۆ من بەجێ بهێڵین. دوای ڕاپەڕین کە خزمەتەکەی لە زانکۆوە گوێزراوەتەوە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری، لەوێ کراوەتە بەڕێوەبەری ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان، دواتر کراوەتە بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن و سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەرێم. لەو کارە بەرچاوانەی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کردوویەتی، (٣) جار گۆشەی هەبووە، یەکیان بە زمانی عەرەبی بەناوی (کلمات عابرة)، کە وەک قوتابییەک لەسەر گرفتەکانی زانکۆ و قوتابیانی نووسیوە، سەرنووسەر لەسەر ڕەخنەی یەکێک لە گۆشەکان، گۆشەکەی ڕاگرت و چیتر بڵاو نەکرایەوە. پێش ڕاپەڕینیش لە ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق بە کوردی، گۆشەیەکی بەناوی (کتێبی ئەم جارە) هەبوو، کە لەو گۆشەیەدا هەر جارە و ناوەڕۆکی کتێبێکی دەخستە ڕوو، لە ڕۆژنامەی (هەرێم)یش گۆشەیەکی بەناوی (بە دەنگی بەرز) هەبوو، خۆی دەڵێ من ناتوانم بە چپە قسە بکەم، بۆیە گۆشەکەم ناو نا (بە دەنگی بەرز).

* حەسەن جاف، بە درێژایی ژیانی، وەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس (٧) جار ڕێزی لێنراوە، ئەو (٧) جارەش ئەمانە بوون: (وەزارەتی ڕۆشنبیری لە سلێمانی، بنکەی گەلاوێژ - لقی کەرکووک، یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر، یەکێتیی نووسەرانی عێراق، دەزگای هەواڵ (لەسەر ڕۆمانی ئەنفال)، لە یادی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، خەڵاتی ڕۆمانی ئەنفال

کە لەلایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی پێی درا کە خۆم سەروکاری ئەو لیژنەیەم دەکرد. ئەو لە گفتوگۆکەمان دەڵێ (١٨) ساڵە هیچم نەنووسیوە، گفتوگۆکەمان لە ڕۆژی شەممە، ٢٠١٤/٦/٢٨ ساز کردووە، واتە (٢٥) ساڵی ڕەبەق بێجگە لە وەرگێڕان، هیچی نوێی نەنووسیوە، بەڵام ئەو (٥٠) ساڵ قەڵەمەکەی لە کاردا بووە، خزمەتی بە بواری نووسینی کوردی و عەرەبی کرد، لەگەڵ ئەوەش لە چاو ئەو مێژووە دوورودرێژەی دەست پێکردنی، زۆر کەم بەرهەمەکانی بەسەر کراونەتەوە و لە بارەیانەوە نووسراوە، لەوانەیە ئەوەش هۆکارەکەی بۆ ڕاشکاوی و قسە توندەکانی بگەڕێتەوە و دەوریان لەوەدا هەبووبێ.

* ئەو پیاوە کە پێشبینی مەرگی خۆی دەکرد و دەیگوت بکەومە جێگەوە، کەسێ نییە پەرداخێ ئاوم بداتێ، یان دەیگوت بشمرم کەس بە مردنەکەم نازانێ، زۆر ڕاستی کرد و هەرواش دەرچوو، ئەو لە ڕۆژی دووشەممە، (١٠)ی شوباتی ٢٠٢٥، لە تەمەنی (٨٣) ساڵیدا، لە یەکێک لە شوقەکانی ڕووناکی کۆچی دوایی کرد، لەو کاتەی کۆچی دوایی کردبوو، کەس بە مردنەکەی نەزانیبوو، تا دواتر دەرودراوسێکانی پێیان زانیبوو و پۆلیسیان لێ ئاگەدار کردبووەوە. ئەو کە ماڵی لە شوقەکانی ڕووناکی بوو، هەر زوو زوو دەیگوت بە هیمەتی کامەران موکری ئەو شوقەیەم وەرگرتووە، ئەو نەبوایە چیم دەکرد؟ خاوەنی دوو کوڕ و کچێکە (زەردەشت، زرنگ، گزنگ) کە لە دەرەوەی وڵات دەژین، ئێستا ئیدی ئەو پیاوە کە هەمیشە جانتایەکی بە شانەوە بوو، کتێب و وردەواڵەی خۆی تێدەکرد، بە خۆی و جانتا پڕ لە خەم و خەفەتەکانی خۆی و نیشتمانەکەی، چیدی نایبینینەوە. ڕۆژی چوارشەممە، (١٢)ی شوباتی ٢٠٢٥، یەکێتیی نووسەرانی کورد، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەزگای موکریانی، لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو پرسەیان بۆ دانا.

* من لەمێژ بوو لەگەڵی خەریک بووم گفتوگۆیەکی تێروتەسەل و بەرفراوانی لەگەڵدا ساز بکەم، چونکە دەمزانی هیچ تاقەتی نووسینی نەماوە، بە تایبەتیش کە پێم دەگوت بیرەوەرییەکانت بنووسە، دەیگوت زۆر حەز دەکەم بیرەوەرییەکانم بنووسم، چونکە بایی ئەوەندەم پێیە بینووسم و بخوێنرێتەوە، کە لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بێهیوا بووم، حەزم دەکرد لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆ دوورودرێژەوە یادەوەرییەکانی بجووڵێنم، بەڵام پاش تۆمارکردنی چەند سەعاتێک، دیار بوو ڕۆژگار خەیاڵ و یادەوەرییان شەکەت و ماندوو کردبوو، ئیتر تاقەتی لەوە چووبوو زۆر قسان بکا، زۆرجاریش دەیگوت خۆم گرفتم کەم نییە، تا گرفتی دیکەشی بێتە سەر، من قسە بکەم، دەبێ ڕاستگۆیانە هەموو شتێک بڵێم، بۆیە ئەوەندە قسەیەی بۆی کردبووم، بەلامەوە کەم بوو، چاوم لەوەبوو زیاتری لێ وەربگرم، چونکە زۆرتری پێ بوو، ناو بەناویش ئەوەی لێ دووپات دەکردمەوە کە جارێ گفتوگۆکە ڕابگرم و بڵاوی نەکەمەوە، تاکوو دەرفەتێکی دیکە دێتە پێش، بۆیە (١١) ساڵ ئەو چاوپێکەوتنە بڵاو نەکرایەوە و دواکەوت.

* ئەو مامۆستایەی هەوڵی دەدا قوتابییەکانی، تەنانەت ئەوانەی قوتابی ئەویش نەبوون، بە گیانێکی نەتەوەییانە و کوردانە پەروەردە و گۆش بکا، شیعری شاعیرە نەتەوەییەکانی بۆ دەخوێندنەوە و قسەی بۆ دەکردن، ئەو نووسەرەی هەوڵی دەدا بە نووسین و وەرگێڕان، بە چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمان، تاکەکانی کورد هۆشیار بکاتەوە، ماڵئاوایی لێکردین، وەلێ یادی ئەو لە یادەوەریماندا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

**ڕامان:** سەرەتا چاپخانەکە ناوی کامەران بوو، بەڵام دوایی کە (حەمەی قەفتان)ی خاوەن چاپخانەکە لەگەڵ کامەران موکری عادزییەکیان بوو، قتعەکەی هێنابووە خوارێ و (ی)ی بۆ زیاد کردبوو و کردبووی بە کامەرانی... باشە کە چوویتە چاپخانەکە ساڵی چەند بوو؟

**حەسەن جاف:** بڕوا بکە کاک ئازاد، بیرەوەریم زۆر خراپ بووە، لەبیرم نەماوە.

**ڕامان:** ئەوە پاش ساڵانی حەفتاکانە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، پاش حەفتاکان بوو، مامۆستا کامەران گوتی ئەوە چییە؟ گوتم هێناومە لێرە بۆم چاپ بکەن. گوتی ئا بمدەرێ، نزیکەی سێ چارەگ سەعاتێک خوێندییەوە. گوتی قسەیەک بکەم بە قسەم دەکەی؟ گوتم ئەرێوەڵا. گوتی چاپیان مەکە. ئێستا هەرچەند ئەو شیعرانە دەخوێنمەوە، هەزار ڕەحمەت بۆ گۆڕی کامەران موکری دەنێرم، چونکە خۆم عارەق دەکەم (بە پێکەنینەوە)، ئیدی گەنجێتییە، حەزم لە فڵان کچ و لەو کچ و ئەو کچ دەکرد و هەر لەخۆمەوە شیعرم دەنووسی.

**ڕامان:** واتە لەگەڵ شیعرنووسین ڕەوتەنی بووی، شتێکت بە ناوی شیعرەوە دەنووسی؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، بەڵام شیعر نەبوون.

**ڕامان:** تۆ کە ئەوکاتە شیعرت دەنووسی، شیعری شاعیرە گەورەکانی وەک نالی و مەحوی و سالم و ئەوانەت دەخوێندەوە؟

**حەسەن جاف:** دیوانی زۆربەی شاعیرانم هەبوو، ئێستاش هەر هەمە.

**ڕامان:** ناڵێم هەتبووە، یان نەتبووە، دەڵێم دیوانی شاعیرانی کلاسیکت دەخوێندەوە، لێکۆڵینەوەت لە بارەیانەوە دەکرد، مەبەستم بەقووڵی دەتخوێندنەوە؟

**حەسەن جاف:** وەڵاهی لێکۆڵینەوە نا، بەڵام دەمخوێندنەوە.

**ڕامان:** ئەی شیعری گۆران و هاوڕێکانی، ئەوانیشت دەخوێندەوە؟

**حەسەن جاف:** زیاتر شیعری گۆران و کامەران و شێخ ڕەزا و ئەسیری و ئەوانەم دەخوێندەوە.

**ڕامان:** مادام شیعری ئەو شاعیرە گەورانەت خوێندووەتەوە، دەبووایە تۆزێک سڵ لە شیعرنووسین بکەیتەوە!

**حەسەن جاف:** (بە پێکەنینەوە) وەڵاهی کاک ئازاد ئێستا خۆم، کە شیعرەکانی خۆم دەخوێنمەوە شەرم دامدەگرێت.

**ڕامان:** ئەوە دانپێدانانێکی جوانە.. دواجار لە نووسینی چیرۆکەکانتدا نەتتوانی کەڵک لەو خەیاڵ و نەفەسە شیعرییە وەربگریت؟

**حەسەن جاف:** با، دوایی زۆربەی هەرەزۆری چیرۆکەکانم، ئەگەر نەڵێم هەمووی، لەوانە ڕۆمانی (گۆڕستانی لم)ی لێ دەرچێت، کە لەسەر ئەنفالە، نووسینەکانی دیم هەمووی ڕەنگدانەوەی ژیان و تاقیکردنەوە و بەسەرهاتی خۆمن، بێگومان خوێندنەوەکان کاریگەرییان هەبوو، شیعرەکان کاریگەرییان هەبوو، برادەرایەتی کاریگەری هەبوو.

**ڕامان:** دەمەوێ بپرسم، دواتر کەڵکت لە چ ڕوویەکی شیعر وەرگرت، بۆ زمانی چیرۆکەکانت سوودت لێ وەرگرت؟

**حەسەن جاف:** هەر لە ڕووی زمانەوە، چونکە مامۆستا کامەران ئەو ڕەخنەیەی لێگرتم، هەوڵم دا گەشە بە زمانەکەی خۆم بدەم.

**ڕامان:** واتە بەرەو کوردییەکی پەتی و ڕەوان ڕۆیشتی؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، بەرەو کوردییەکی پوختە و پاک.

**ڕامان:** بەڵام زمانی شیعر هەر بۆخۆی، زمانی چڕبوونەوەی خەیاڵ و هەست و دەربڕین و خولیاکانە، کە تۆ کەڵک لە شیعر وەربگریت، بێگومان

زمانەکەشت بەرەو چڕبوونەوە دەچێت، واتە لە زمانی کلێشەیی و لاساییکردنەوە ڕزگارت دەبێت.

**حەسەن جاف:** ئاخر شیعرەکانی من وا نەبوون، لەبەر ئەوە دوایی خۆم هەوڵم دا ئەمەی تۆ دەیڵێی بەدی بێنم.

**ڕامان:** تۆ گوتت زۆربەیان ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆمن، باشە تۆ هەر بەو زەقییە ژیانی خۆت وەردەگری و دەیخەیتە ناو نووسینەوە، یان بە جۆرێکی هونەری هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەی؟

**حەسەن جاف:** زۆر کەس لەسەر چیرۆکەکانم نووسیویانە، هەر بەو زەقییە نییە. بۆ نموونە، ڕۆمانی عەلەبەسێ، لەسەر ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ی کەرکووکە، تا ئێستا چوار کۆمەڵە چیرۆکم چاپ کردووە، زۆربەی هەرەزۆریان ژیانی خۆمن، یانی شتێک ڕووی داوە و من بە شێوەیەکی ئەدەبی دامڕشتووەتەوە، بێگومان خەیاڵیش دەوری خۆی هەبووە.

**ڕامان:** وەک دیارە زیاتر خۆت بە چیرۆکنووسێکی واقیعی دەزانی؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامان:** من قسەیەکی (گۆرکی)ت بۆ دەهێنمەوە کە دەڵێ ئەگەر پاڵەوانی چیرۆکێکم فەرمانبەرێک، مووچەخۆرێک بێت، دێم ئەدگاری هەزار فەرمانبەر وەردەگرم و دەیهێنمە پێش چاوم، بۆ ئەوەی لە ئەدگاری ئەو تاکە پاڵەوانەی خۆمدا بیتوێنمەوە، تا شتێکی گشتی لە تایبەتیدا و شتێکی تایبەتی لە گشتیدا کۆ بکەمەوە، تۆ ژیانی خۆت، کە ژیانی تایبەتی خۆتە، تا چ ڕادەیەک توانیوتە بیگشتێنی، یان ئەدگاری شتە گشتییەکان بێنی، لەو شتە تایبەتیانەی خۆتدا کۆیان بکەیتەوە؟

**حەسەن جاف:** پێم وایە تا ڕادەیەک توانیومە ئەوە بکەم، بە بەڵگەی ئەوەی تا ئێستا یەک دوو نامەی ماستەر و دوکتۆرا و یەک دوو کەسیش



**هەولێر (تەنیشت سینەما سەلاحەددین، ئۆفیسی گۆڤاری ڕامان)، ٢٠١٠/٤/١٩، لە ڕاستەوە: ئازاد عەبدولواحید، حەمەبۆر، حەسەن جاف.**

لەبارەی کارەکانمانەوە بابەتیان نووسیوە. من تا ڕادەیەک توانیومە ڕووداوەکانی ژیانی خۆم وەک شتێکی گشتی باس بکەم، نەک وەک شتێکی تایبەت بە خۆم، بەڵام تا چ ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بووم، ئەوەیان کاری من نییە، ئەمە کاری ڕەخنەگرانە.

**ڕامان:** ئەی ژیانت لە کەرکووک، تا چ ڕادەیەک لەناو چیرۆک و ڕۆمانەکانتدا ڕەنگیان داوەتەوە؟

**حەسەن جاف:** هەر چیرۆکێکم نووسیبێ، هەوڵم داوە لە کەرکووکەوە دەست پێ بکات، باشترین نموونە ڕۆمانی (کۆڕەو)ـە، هەرچەندە ڕۆمانی کۆڕەو، ئەوە نزیکەی ١٠ ساڵ دەبێ یەک بەشم ماوە بۆم تەواو ناکرێت، لەبەر ئەو دۆخە دەروونییەی هەمە و ئەو تەنیاییەی ئێستا تێیدا دەژیم. کە کۆڕەو ڕووی دا من لە سلێمانی بووم، بەڵام هەموو ڕووداوەکانی کەرکووکم کردە سەرەتای ڕۆمانەکە، واتە هەوڵم داوە لە نووسینەکانمدا زیاتر گرنگی بە کەرکووک بدەم، باشترین بەڵگەش کتێبخانەکەی خۆمم پێشکەش بە کتێبخانەی کەرکووک کرد.

**ڕامان:** چۆن بوو کتێبەکانت پێشکەشی کتێبخانەی کەرکووک کرد، پێشکەشی شوێنێکی دیکەت نەکرد؟

**حەسەن جاف:** سەرەتا گوتیان ئێمە هۆڵمان

نییە، پێشتر زۆر کەس داوای کتێبەکانیان کرد، کتێبخانەی زانکۆی کەرکووک داوای کرد، کتێبخانەی سلێمانی و هەولێر داوایان کرد، گوتم نایدەم بە ئێوە. گوتیان بۆ؟ گوتم لەبەر دوو شت: یەکەمیان لەبەر ئەوەی کە خۆم کەرکووکیم و حەز دەکەم کتێبخانەکەی من لە کەرکووک بێت، دووەمیش سەددام حسێن بە نووسراوی ڕەسمی، بە گشتی هەموو کتێبێکی کوردی لە کتێبخانەی گشتیی کەرکووک دەرهێنا و هیچی تێدا نەهێشت، بۆیە من حەز دەکەم کتێبەکانم بۆ کتێبخانەی کەرکووک بێت، بۆ ئەوەی منداڵی کورد لەوێ کەڵکیان لێ وەربگرێت.

**ڕامان:** ئێمەش بەو هۆیەوە بوو دوای ڕاپەڕین بڕیارمان دا هەموو سێ ژمارەی گۆڤاری ڕامان بە بەرگ تێگیراوی و جزووبەندکراوی بۆ کتێبخانەی کەرکووک بنێرین، وەک ڕێزێک بۆ ئەو کتێبخانەیە و وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو کارە نەشیاوەی ڕژێم.. تۆ لەناو کورتەچیرۆکەکانتدا تا چ ڕادەیەک توانیوتە ڕووداو و بەسەرهاتەکانت ڕەنگدانەوەیان هەبێت و بیانخەیتە بەرباس و لێکدانەوەوە؟

**حەسەن جاف:** بڕوا بکە کاک ئازاد، نموونەیەکت بۆ دێنمەوە، وەک باسم کرد لە ساڵی ١٩٦٤ کە دەستم بە نووسین کرد، ئێستاش ئەوە ٢٠١٤یە، ئەوە دەکاتە نزیکەی ٥٠ ساڵ، ڕۆمانی کۆڕەو بەشێکیم ماوە، بەڵام وەک گوتم ١٠ ساڵە ناتوانم تەواوی بکەم، هەم خۆم دەمەوێ تەواوی بکەم و هەم زۆر برادەری وەک جەنابت داوایان لێکردووم بنووسم، بەتایبەتی یادداشتەکانی خۆم، کەچی ناتوانم یەک دێڕ بنووسم، لەبەر ئەو بارودۆخە دەروونییەی تێیدا دەژیم.

**ڕامان:** دەتوانی باسێکی ئەو بارودۆخە دەروونییەی خۆتمان بۆ بکەی، چۆن لەلات سەری هەڵدا؟

**حەسەن جاف:** بە هیچ جۆرێک ناتوانم باسی بکەم و بینووسم، من لە ڕووی دەروونییەوە داڕووخاوم، ئەوەندە هەست بە تەنیایی، بە دڵتەنگی، بە بێکەسی دەکەم، ناتوانم یەک دێڕ بنووسم، ئەگینا زۆر زۆر ئاواتمە هیچ نەبێ یادداشتەکانی خۆم بنووسمەوە، چونکە بایی ئەوەندەم بەسەر هاتووە و بینیوە کە کەسێک سبەینێ خوێندییەوە، کەڵکی لێ وەربگرێت.

**ڕامان:** ئێستا دەبینم، وەک خۆیشت باست کرد، ڕۆمانەکەت بەشێکی ماوە و پێت تەواو ناکرێ، دەستت لە کورتەچیرۆکیش هەڵگرتووە و زیاتر خەریکی ڕۆمانی، لە ڕۆمانیشدا ساردبوویتەوە، بەڵام ئێستا زیاتر لەسەر وەرگێڕان گیرساویتەوە و وەرگێڕانەکەت پێ دەکرێ، ئەوەیان چۆنە؟

**حەسەن جاف:** وەرگێڕانەکە لە ناچارییە، بەهەرحاڵ ئێمە گوتمان باسی سیاسەت ناکەین، ئەم کێشەیە بابەتێکی دوورودرێژە، تۆ ئاگەداری چۆن منیان بە کەمتر لە پلەی خۆم خانەنشین کرد.

**ڕامان:** هەست ناکەی کارکردن لەناچاری، ئەوجا وەرگێڕان، یان هەر کارێکی دیکەی نووسین و ڕۆشنبیری بێت، بەپێی پێویست دەرناچێت؟

**حەسەن جاف:** ئەوەندەی پێم کراوە، هەوڵم داوە وەرگێڕانەکانم جوان بن. **یەکەم،** من لە ناچاری دەستم بە وەرگێڕان کرد، چونکە مووچەکەم هیچ نییە، بەشم ناکات، ئیدی کە کتێبێک وەردەگێڕم، بەرانبەر بەوە پارە وەردەگرم. **دووەم،** کوڕە بچووکەکەم و کچەکەم لە ئەڵمانیا دەخوێنن، کچەکەم ئەمساڵ کوللییەی قانوون تەواو دەکات. جاروبار پێویستیان بە پارە دەبێت، مووچەکەم بەشی ئەوە ناکات پارەیان

بۆ بنێرم، بەڵام کە کتێب تەرجەمە دەکەم، بایی ئەوەندە پارە وەردەگرم بتوانم شتێکیان بۆ بنێرم، ئیدی بابەتەکە هەر ئەوەیە و هیچی دیکە نییە، لە ناچاری و لەبەر ئەوەی پێویستیم پێیەتی وەردەگێرم.

**ڕامان:** با زۆر دوور نەکەوینەوە، باسێکی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩شمان بۆ بکە، تۆ ئەوسا لە کەرکووک ژیاوی، ئەو ڕووداوانە چۆن ڕوویان دا؟

**حەسەن جاف:** ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٨، یان ١٩٥٩؟

**ڕامان:** بەڵێ، ڕووداوە خوێناوییەکانی ساڵی ١٩٥٩ی کەرکووک؟

**حەسەن جاف:** کاتی خۆی کە ڕۆمانی (عەلەبەسێ)م نووسی، عەلەبەسێ، خوا عافووی بکا، من دیتبووم، خزمێکمان شیوعی بوو، پێم گوت بەرگی کتێبەکەم بۆ دیزاین بکە، بۆی نەکردم، گوتی تۆ لە کتێبەکەتدا شیوعییەکانت سەرکۆنە و ئیدانە کردووە. گوتم بابە ئیدانەم نەکردووە، من ئەوەی بینیومە، هەر ئەوەم نووسیوە، ئەوجا خۆ من منداڵ نەبووم، ساڵی ١٩٥٩ وابزانم من لە پۆلی دوو، یان سێی ناوەندی بووم.

**ڕامان:** بەو بۆنەیەوە دەپرسم: تۆ لەدایکبووی چ ساڵێکی؟

**حەسەن جاف:** من لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٢م.

**ڕامان:** واتە ئەودەم تەمەنت ١٧ ساڵ بووە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، من لە جێیەک وەستابووم، ئەو ناوە چایخانەیەکی لێیە، ناوەکەی نازانم، ئێستا گۆڕاوە، لای بازاڕی عەسری، لە بەرانبەر ناوەندیی غەربییە بوو. ڕێپێوانەکە لەوێوە دەهات. لەو چایخانەیەوە تەقەیەک کرا، ئیدی دوای ئەو تەقەیەوە، کەرکووک شڵەژا، بوو بە هەرا و پیاوکوشتن و تەرم ڕاکێشان بەدوای سەیارە و هەڵواسینی جەنازەکان و ئەتککردنی جەنازەکان و... ئەمانەم هەمووی بە چاوی خۆم دیوە.

**ڕامان:** لە ڕۆمانەکەتدا، هەموو ئەوەی بینیوتە باست کردوون؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، لەڕۆمانی (عەلەبەسێ)دا باسی (شێخ مارفی بەرزنجی)م کردووە، کە جەنازەکەی هەڵواسرابوو، ژنێک هات تیغی لە گۆنای دا و خوێنەکەی مژی، خۆم لەوێ بووم و بە چاوی خۆم ئەمەم بینی، لەبەر ئەوەی زۆربەی شیوعییەکانی کەرکووک کورد بوون، ئەم ڕووداوە بەسەر کورددا شکایەوە، تەنانەت دوای ڕووداوەکانی کەرکووک، تاکوو ماوەیەک، ١١ کرێکار لە شۆڕیجەوە بۆ بازاڕی قۆرییە دەهاتن، لەوێ دەوەستان بۆ ئەوەی کەسێک بێ بیانبات بۆ سەر کار، هەر ١١ کەسەکەیان کوشت. ئۆجین شەمعوون، خاوەنی کتێبخانەی موسەننا لە کەرکووک، بە چاوی خۆم دیتم کە کوشتیان.

**کە شیعرەکانی خۆم دەخوێنمەوە شەرم دامدەگرێ، نووسینەکانیشم هەمووی ڕەنگدانەوەی ژیان و تاقیکردنەوە و بەسەرهاتی خۆمن.**

**ڕامان:** دیارە ئەوانە دەستیان لە کەس نەپاراستووە؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، کابرایەکی ئینزیبات لە چایخانەکەی لای مزگەوتی حوسەینییە بوو، یەکێک بە پاسکیلەوە هات، ئۆجین شەمعوون بە پێ دەهاتەوە، تەقەی لێ کرد و کوشتی، ئینزیباتەکە ماتۆڕی پێ بوو، تورکمان بوو، دوای کەوت، پاش ماوەیەک هاتەوە، گوتمان گرتت، گوتی نا نەمتوانی. گوتمان چۆن نەتتوانی، خۆ ئەو پاسکیلی پێ بوو، تۆ بە سواری ماتۆڕ بووی؟

**ڕامان:** بۆ ئەو هەموو کشتوبڕە هیچ ڕێگرییەک نەبوو، ئەی دەوری حکوومەت چ بوو؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، بۆ کوشتن جۆرە

ڕێککەوتنێک لەنێوان سوپا و ئەمن و ئەوانەدا هەبوو، یان بە ئەقڵی خۆیان بۆ تۆڵەسەندنەوە لە کوردەکان، کە لەم بابەتەدا کورد هیچ تاوانی نەبوو. شێخ مارف بەرزنجی یەکێک لەو کەسانە بوو کە هەر نەیهێشت کوردەکانی دەروبەری کەرکووک بێنە ناو شار، کەچی شایەدییان لەسەر دا و لە سێدارەیان دا. کوڕەکەی عەلەبەسیّ لە شەریکە کرێکار بوو، ئەو ڕۆژە خەفەر بوو، لەناو شاریش نەبوو، لە داخی عەلەبەسیّ، چونکە کەسایەتییەکی کورد بوو، شایەدییان لەسەری دا و ئەویشیان بە کوشتن دا.

**ڕامان:** باشە، بۆچی خەڵکانی دیکە ئەم ڕووداوانەیان قۆستووەتەوە و بە ئارەزووی خۆیان قسەی تێدا دەکەن و چۆنیان دەوێ ئاوا لە بەرژەوەندی خۆیان دەیهۆننەوە و باسی دەکەن، کەچی نووسەران و مێژوونووسانی کورد، کە کۆمەڵێک ڕاستییان لەلایە تا ئێستا کتێبێک لەسەر ئەو ڕووداوانە نانووسن؟

**حەسەن جاف:** پێم وایە بابەتەکە لە ترسی ئەوەیە کە جۆرێک هەستیاری و ناکۆکی لەنێوان تورکمان و کورددا دروست بێت.

**ڕامان:** دەی ئەوان (ئەوانەی خەریکی سیاسەتن)، هیچ گوێ بەو شتانە نادەن و بەردەوام شتی خۆیان دەنووسن؟

**حەسەن جاف:** ڕاستییەکەی کورد وەفا و ئەمەگی هەیە و پێی خۆش نییە دڵی خەڵک بریندار بکات.

**ڕامان:** تۆ هەستت کرد نووسینی کورتەچیرۆک وەک هونەرێک تێرت ناکات و ناتوانی لەو ڕێگەیەوە هەموو ئەو ڕووداوانە دەرببڕی، کە لە ژیانتدا ڕوویان داوە، بۆیە پەنات بردە بەر نووسینی نۆڤلێت و ڕۆمان؟

**حەسەن جاف:** بابەتەکە لەسەر ئەوە نییە کە



هەولێر، باخچەی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر، ئابی ٢٠١٢، لە ڕاستەوە: عەبدولغەنی عەلی یەحیا، نەوزاد ڕەفعەت، د. عەبدوڵڵا ئاگرین، حەسەن جاف.
ئەوانەی لە پشتی وێنەکە دەرکەوتوون لە ڕاستەوە: د. شێرکۆ بابان، مەهداوی ئەحمەد، پیرداود مەخمووری، ئیسماعیل بەرزنجی، سەڵاح عومەر.

بە کورتەچیرۆک تێر نابم، بابەتەکە لەوەدایە کە ڕووداوێکی وەک ئەوەی ساڵی ١٩٥٩، بە کورتەچیرۆکێک باس ناکرێت، بۆیە درێژ بووەوە و بوو بە ڕۆمان. دەی مەسەلەی ئەنفالیش هەر بە هەمان شێوەیە، کە من نووسیم، پێم وایە غەدرە ئەگەر بە کورتەچیرۆکێک باسی بکەین، چونکە ڕووداوێکە، بڕوا ناکەم لە هیچ وڵاتێکی دیکە ئەمە ڕووی دابێت.

**ڕامان:** مەگەر لە هۆلۆکۆست کە بەرانبەر جوولەکان کراوە.

**حەسەن جاف:** زیندەبەچاڵکردنی خەڵک و کۆمەڵکوژکردنی خەڵک و ژێر لم و خۆڵنانی خەڵک، زۆر کەم لە دنیادا ڕووی داوە، یان ئەوەی کەرکووک، ڕووداوێکە بتەوێ و نەتەوێ ڕق و کینە و بوغزێکی زۆری لەلای تورکمان بەرانبەر بە کورد دروست کرد، کورد هیچ شتێکی بەرانبەر بە تورکمان نییە، بەڵام بەشێکی تورکمان، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە

تورکیـان و لـه بـەرەی تورکمانیـدا کار دەکـەن، بـەردەوام و بـە مەبەسـت ئـەو ڕق و کینەیـە نـوێ دەکەنـەوە، بـۆ ئـەوەی لەبیـری خەڵـک نەچێتـەوە، زۆر دژوارە ئەمانـە بـە کورتەچیـرۆک بـاس بکرێـن.

**ڕامـان:** ئـەی بۆچـی ئێسـتا وەک جـاران مەیلـی نووسـینی کورتەچیرۆکـت نەمـاوە؟

**حەســەن جــاف:** هــەر ئــەوە بــوو کــە گوتــم، ئێسـتا ناتوانـم هیـچ بنووسـم، وەک عـەرزم کـردی، دەمـەوێ یادداشـتەکانی خـۆم بنووسـمەوە، کەچـی ناتوانـم.

**ڕامـان:** ئاخـر مـن تێبینـم کـردووە ماوەیەکـی زۆرە لـە نووسـینی کورتەچیـرۆک دابـڕاوی؟

**حەسـەن جـاف:** ڕاسـتە، ماوەیەکـی زۆرە، چونکـە ئـەوە ١٨ سـاڵە مـن بـەم تەمەنـەوە بەتەنیـا لـە شـوقەیەکی نـاو ئاپارتمانێکدا دەژیم. لـەم دواییيانەدا ئـاو و کارەبـای ئاپارتمانەکـەش تێکچـووە، دەی وەرە لـەو حاڵـەدا بـژی و بتوانـە بنووسـە، ئـەوە بێجگـە لـە بابەتـی خـواردن و جلشـتن و پاکوخاوێنـی و ئەوانـە، کـە هەمـووی هـەر خۆمـم.

**ڕامـان:** واتـە ئەگـەر تەنیـا نەبوویتایـە دەتتوانـی زۆرتـر بنووسـی؟

**حەسـەن جـاف:** بێگومـان، ئەگـەر ئـەوەم بەسـەر نەهاتبایـە، زۆری دیکـەم پێیـە بینانووسـم.

**ڕامـان:** ئـەی بۆچـی زۆر لـە نووسـەران پێیـان خۆشـە تەنیـا بـن، دەڵێـن دنیـای نووسـین و نووسـەرایەتی لەگـەڵ تەنیایـی خۆشـە و زۆر چـاک دێتـەوە؟

**حەسـەن جـاف:** ئـەو تەنیاییـە جیایـە، ئـەوەی کـە تـۆ لـە ماڵەکـەی خۆتـدا تەنیـا بیـت، بـەڵام بـرا و خوشـک و ئامـۆزا و خاڵـۆزات لـە دەوروبـەرت بـن، مـن نـەک هـەر لـە ماڵـەوە بەتەنیـام، هـەر کەسیشـم بـە دەورەوە نییـە.

**ڕامـان:** هەموویـان لێـت دوورن، یـان لێـت تەوەللا بوون؟

**حەســەن جــاف:** هەموویــان لێــم دوورن، مــاڵ و منـداڵ ئـەوە لـە دەرەوەی وڵاتـن، تاقـە یـەک خوشـک و برایەکـم هەیـە، ئەوانیـش لـە دەرەوەی وڵاتـن، ئەوجـا هەمیشـە بیـر لـەوە دەکەمـەوە، کـە ئەگـەر بێتـو سـبەینێ نەخـۆش بـم و لەجـێ بکـەوم، کـەس نییـە پەرداخێـک ئـاوم بداتـێ.

**ڕامـان:** تـۆ چـوار کۆمەڵـە چیرۆکـت هەیـە، لەنێو چیرۆکەکانتـدا، بـەلای بۆچوونـی خۆتـەوە، کامـە چیرۆکـت لـە هەمـووان پـێ هونەریتـر و جوانتـرە بیکەیتـە نموونەیـەک و هەڵیاوێـری بـۆ ئـەوەی وەری بگێڕنـەوە، یـان لـە بارەیـەوە بنووسـرێ؟

**حەسـەن جـاف:** مـن ناڵێـم جوانتـر، چونکـە ئـەوە پێوەندیـی بـە خوێندنـەوە و بۆچوونـی ڕەخنەگـرەوە هەیـە، بـەڵام مـن شـتێکت بـۆ دەگێڕمـەوە، چیرۆکـی (دیجلـەی تـاوان)، لەسـەر حەمەسـدیق عەبدولڕەحمـان پێنجوێنـی نووسـیومە، کـە بەرپرسـی ڕێکخسـتنی زانکـۆ بـوو، خـۆی لە زانسـتە سیاسـییەکان دەیخوێند. مامۆسـتا عەبدولڕەحمـان نفـووس، لـە بەغـدا بەرپرسـی لقـی ٥ی پارتـی بـوو، ئەوسـا مـن ئەندامـی لیژنـەی زانکـۆ بـووم، ئەوانـە گیران، ئەو باسـەم لـە چیرۆکێکدا گێڕاوەتـەوە، هەردووکیـان بڕینـەوە و پارچـە پارچەیان کـردن، لەنـاو سـندووقی ئۆتۆمبێلیـان خسـتن و فڕێیان دانـە نـاو ئـاوی دیجلـەوە. ڕۆژێـک تووشـی عەمیدێـک بـووم، گوتـم کێـی؟، گوتـی مـن عەمیـد فلانـم. عەمید فـلان کـێ؟، گوتـی مـن کـوڕی (م. عەبدولڕەحمـان نفـووس)م کـە تـۆ لـە چیرۆکێکتـدا باسـت کـردووە.

**ڕامـان:** ئـەو کـوڕەی عەبدولڕەحمـان نفـووس لـە هەولێـر دەژی؟

**حەســەن جــاف:** نــا، لــە کەرکووکــە، واتــە دەیویسـت سـوپاس و شـتی وام بـکات. گوتـم ئـەو پیـاوە زۆر لـەوە زیاتـر هەڵدەگرێـت کـە لـە چیرۆکێکـدا باسـی بکرێـت، بـەڵام ئـەوە جـارێ لـەو

چیرۆکەدا باسم کردووە.

**ڕامان:** خۆت پێت وایە ئەو چیرۆکەت، لە هەموو چیرۆکەکانی دیکەت هونەریتر و بەرزترە؟

**حەسەن جاف:** نا، بەڵام ئەوەیان ئەو ڕەنگدانەوەیەی هەبوو، دەنا چیرۆکەکانی دیکەشم باشن و کەسانێک لەسەریان نووسیون.

**ڕامان:** تۆ واز لە کەسانی دی بێنە، بۆچوونی تایبەتی و کەسیی خۆتم بەلاوە مەبەستە، وەک کەسێک کە ڕۆشنبیرییەکت هەیە و لە بواری چیرۆکدا شارەزاییەکت پەیدا کردووە، تۆ چیرۆکی جوانی خۆت لە بواری تەکنیک و هونەرەوە چۆن دیاری دەکەیت؟

**حەسەن جاف:** وەک عەرزم کردی، ئێستا تۆزێک بیرم خراپ بووە، لە چیرۆکی (چەند ساتێک لە یادداشتەکانی پیاوێکی لەبیرکراو)دا، کە ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخەیە وا ئێستا تێیدا دەژیم، هەروەها چیرۆکی (باران) و ئەوانەی کە زۆر بە لامەوە مەبەستن، (چەند ساتێک لە یادداشتەکانی نامۆیەک)، ئەوە باسی کەرکووکە. بەڕاستی یەکێک لە کێشەکانی من، کە ڕەنگە ئەویش هەر ڕەنگدانەوە و ئاکامی ئەو دۆخە دەروونییەم بێت کە ئێستا تێیدا دەژیم، ئەوەیە کە شتم لەبیر دەچێتەوە.

**ڕامان:** تۆ پێت وا نییە لەچاو ئەو ئەزموونە دوورودرێژ و دەوڵەمەندەی ژیانی خۆت، کەمت نووسیوە؟

**حەسەن جاف:** با، زۆر کەمم نووسیوە، بەڵام وەک گوتم، ئێستا ئەوە زیاتر لە ١٠ ساڵە یەک دێڕم نەنووسیوە، تەنیا وەرگێڕانەکەیە، ئەویش وەک گوتم کاری ناچارییە، ئەگینا هێشتا زۆرم پێ ماوە بینووسم.

**بڕیارم داوە لەسەر گۆڕەکەم بنووسن بە تەنیا و بێکەس لە دایک بوو، بە تەنیا و بێکەس ژیا، بە تەنیا و بێکەسیش مرد.**

**ڕامان:** باسی یادداشتەکانی خۆت کرد، زۆر پێویستە ئەو یادداشتانە بنووسی، چونکە لەگەڵ کۆمەڵێک ڕووداوی هاوچەرخی کوردستان ژیاویت، کە زۆر پێویستە بیاننووسیتەوە؟

**حەسەن جاف:** زۆریش گرینگن، پێویستە بنووسرێنەوە.

**ڕامان:** تۆ ناتوانی بەرنامەیەک بۆ خۆت دابنێیت و شەوی یەک لاپەڕەیان لێ بنووسی؟

**حەسەن جاف:** بڕوا بکە کاک ئازاد دەفتەریشم کڕیوە، چەند جارێک دانیشتووم کە بنووسم، هەرچەندم کردووە نەمتوانیوە.

**ڕامان:** ئەی تۆ بەتەمای کەی بیاننووسی؟

**حەسەن جاف:** نازانم، هەرکاتێک بتوانم بنووسم، دەست پێ دەکەم. زۆر زۆریش مەبەستمە دەست پێ بکەم.

**ڕامان:** منیش مەبەستمە زوو دەست پێ بکەی، لەبەر ئەوەی خەریکە تەمەن هەڵدەکشێ و یادەوەریی مرۆڤیش وردە وردە کاڵتر دەبێتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی دەڕوات؟

**حەسەن جاف:** بێجگە لە یادەوەری، خۆ مردنیش بە گەنجی و پیری نییە، بە نەخۆشی و لەشساغی نییە، هەر کاتێک هات دێت.

**ڕامان:** ئەوەندەی من تێبینیم کردووە، نووسینەکانت لە ڕووی ڕەخنەوە، لە ڕووی وەرگێڕانەوە، زۆر کەم بەسەر دەکرێنەوە، ئاخر لە وڵاتی ئێمەدا وای لێهاتووە، خەڵک دەبێ کۆمەڵێک دەروێشی هەبێ، ئەوان بچن دمبکی بۆ لێبدەن و بە خەڵک بڵێن لەسەری بنووسن، بەڕای تۆ ئەوەش پێوەندی بەو توندە تەبیعەتی و قسە لەڕوویەی خۆتەوە نییە؟

**حەسەن جاف:** هەر ئەوەیە، من کابرایەکی قسە لەڕووم، زمانچەوری نازانم، هەر لەبەر

ئـەوەش هەنـدێ کـەس باسـی چیرۆکەکانیشـم ناکـەن.

**ڕامـان:** ئـەی چـۆن ئـەو چەنـد کەسـە چـوون ماسـتەریان لـە بـارەی نووسـینەکانتەوە وەرگـرت و لەسـەریان نووسـیوی؟

**حەسەن جاف:** بڵێم چی، نازانم.

**ڕامان:** خۆیان کردیان، تۆ ئاگات لێ نەبوو؟

**حەسـەن جـاف:** نەوەڵاهـی، تـۆ ئـاگات لـێ بـووە، مـن ئـاگام لـێ نەبـووە.

**ڕامـان:** ئـەی هاتـوون پرسـیارت لـێ بکـەن و تـۆش هاوکارییـان بکـەی؟

**حەسـەن جـاف:** بەڵـێ، هاتوون بۆ لام، پرسـیاریان کـردووە و منیـش وەڵامـم داونەتـەوە، بـەڵام کـە منیـان هەڵبـژاردووە و لـە بـارەی منـەوە نووسـیویانە خـۆم ئـاگام لـێ نەبـوو، ڕێـک قسـەکەی جەنابتـە، مـن خەڵـک دەناسـم دەچـێ یەخـەی ئـەم و ئـەو دەگـرێ و دەڵـێ وەرە فـڵان شـتم بـۆ تەرجەمـە بکـە، یـان وەرە فـڵان شـتم لەسـەر بنووسـە. وەڵاهـی هـەزار سـاڵ لەوێدا بێـت، مـن ئـەوە ناکـەم، نـەک خودانەخواسـتە بڵێـی خـۆم لـە خەڵـک بـە گەورەتـر دەزانـم و لەخۆبابییـم، قـەت خـۆم لـە هیچکـەس بەگەورەتـر نازانـم، بـەڵام هیچکەسـیش لەخـۆم بـە گەورەتـر نازانـم. خـۆم لـەلای کـەس سـووک ناکـەم، مـن خـۆم بـە مرۆڤێکـی ئاسـایی دەزانـم.

**ڕامـان:** ئـەی هەسـت بـە مەغدووریەتێـک، بـە حەسـرەتێک، زیـان و داخێـک ناکەیـت، کـە ڕەخنـە بەرانبـەر بـە نووسـینەکانی تـۆ کەمتەرخەمـی و سسـتی نواندبـێ؟

**حەسـەن جـاف:** هەمـوو ژیانـم هـەر زیـان و داخـە، مـن بڕیـارم داوە لەسـەر گۆڕەکەم بنووسـن، بەتەنیـا و بێکـەس لەدایـک بـوو، بەتەنیـا و بێکەس ژیـا و بەتەنیـا و بێکەسـیش مـرد، واتـە هەمـوو ژیانـم هـەر داخ و زیـان بـووە و خەڵـک سـتەمی لـێ کـردووم، کەچـی لـە هەمـوو تەمەنمـدا بەبیـرم نایـە بەئانقەسـت ویسـتبێتم غـەدر لـە کەسـێک بکـەم، یـان خوانەخواسـتە کەسـێک بشـکێنم، یـان سـووکایەتی پـێ بکـەم. لـە هەمـوو ژیانمـدا بیـرم لـەوە نەکردووەتـەوە، بـەڵام لەوانەیـە لـە مشـتومڕێکدا قسـەیەکم کردبێـت، زەیـد، یـان عەمـر پێـی ناخـۆش بووبێـت.

**ڕامـان:** کەواتـە تـۆ قەناعەتـت وایـە و هەسـتیش ناکـەی غـەدرت لـە کـەس کردبێـت؟

**حەسـەن جـاف:** بـا نموونەیەکـت بـۆ بێنمـەوە، ئەو برادەرەی من و (د. جەمال ڕەشـید)ی بەگرتن دا، دوایـی لـە سـاڵی ١٩٧٠، کـە وتووێژەکـەی نەمـر مـەلا مسـتەفای بارزانـی و حکوومـەت بـوو، برادەرێـک لـە کەرکـووک بەرپرسـی پێشـمەرگەی نـاو شـار بـوو، بـڕوا بکـە، دەسـتمی مـاچ کـرد و گوتـی، ئیزنـم بـدە بـا هەقـی تـۆی لـێ بکـەوە و وەک سـەگ بیتۆپێنـم. گوتـم باشـە ئەگـەر منیـش وەک ئـەو بکـەم، ئـەی جیاوازیـی مـن و ئـەو چییە؟ گوتـی ئاخـر ئـەو تـۆی بەگرتـن دا، گوتـم نـا نـا، وازی لـێ بێنـە، بـا هـەر خـۆی بـە خـۆی بێـت.

**ڕامان:** ئەو کەسە ماوە؟

**حەسـەن جـاف:** نازانـم، ئێسـتا مـاوە، یـان نەمـاوە، کابرایـەک بـوو، ئەمـن بـوو، ئیـدی لـە هەرکوێ منـی دەدی بانگـی دەکـردم، دوو زللـەی لـێ دەدام و هەمـوو گیانـم دەگـەڕا و جنێـوی پـێ دەدام و سـووکایەتی پـێ دەکـردم.

**ڕامـان:** سـەردەمی پێگەیشـتن و چاوکرانـەوەی تـۆ سـاڵانی شەسـتەکانە، شەسـتەکانیش لـە کەرکـووک بزووتنەوەیەکـی ڕۆشـنبیریی زۆر گەرموگـوڕ و گەورە هەبـوو، بـە حوکمـی ئـەوەی کۆمپانیـای گـەورەی نەوتـی کەرکووکیـش لـەوێ بـوو، گۆڤـار هەبـوو، کۆمەڵێـک لـە ڕۆشـنبیرەکانی کەرکووکیـش کـوردن، وەک زوهـدی داوودی، ئەوانـی دیکـەش عەرەبـن،

تورکمانـن، مەسـیحین، تێکەڵـن وەک جەلیـل قەیسـی، سـەلاح فایـەق، جـان دەمـۆ، موئەیـەد ڕاوی، سـەرگۆن پۆڵـس، فـازڵ عـەزاوی، ئەمانـە هەموویـان لـەو گرووپ و بزووتنەوەیـەدا بوون، کە ئەزموونێکیـان بـۆ ئەدەبیاتـی شـاری کەرکـووک و عێـراق دروسـت کـرد، بۆیـە بـە وەچـەی دووەمـی نوێخـوازی ناویـان دێ، دواجـار لەسـەر لاپەڕەکانـی گۆڤـاری «الكلمـة»ی حەمید ئەلمەتبەعـی، بەنـاوی شـیعرە پەخشـان و ئـەو جـۆرە ناوانـەوە خۆیـان هێنایـە پێشـەوە، کـە دواتـر کاریگـەری لەسـەر ڕۆشـنبیریی هەمـوو عێراقییەکانـدا هەبـوو، ئێـوە وەک گەنجـی ئـەو ڕۆژگارە، کـە سـەرەتای کاری خوێندنـەوە و نووسـینتان بـوو، هیـچ کاریگەریـی ئـەو شـەپۆلە نوێخوازییانەتـان بەسـەرەوە هەبـوو؟

**حەسـەن جـاف:** مـن پێشـتر (فـازڵ عـەزاوی)م دەناسـی، ناسـینەکە هـەر ئەوەنـدە بـوو دەمزانـی ئـەوە (فـازڵ عەزاوی)یـە، لـە قوتابخانـە بـە یەکـەوە بوویـن، (جـان دەمۆ)شـم دەناسـی و برادەریشـم بـوو، بـەڵام ئەوانـی دیکـەم نەدەناسـی. مـن لـە شەسـتەکاندا، کـە لـە دواناوەنـدی بـووم، خوێندنـەوەم زۆر کـەم بـوو، ئـەو کاتـە تەنیـا تۆپێنـم دەکـرد، خاڵـم ئەوەیشـی لـێ قەدەغـە کردم، پێـم گـوت ئێمـە خواخوامانـە ڕۆژێـک زووتـر پێبگـەی، نـە بـاوک و نـە دایکـت هەیـە، لەبـری ئـەوەی قوتابخانـە تـەواو کـەی، ئەمـە چییـە! لەبـەر ئـەوە ئـەو شـتانەم نەبـوو، هـەر لەگـەڵ جـان دەمـۆ، زۆر بـرادەر بوویـن.

**ڕامـان:** باسـی ئـەوم بـۆ بکـە، چـۆن بوونـە بـرادەر؟

**حەسـەن جـاف:** هـەر بـە یەکـەوە بوویـن، لـە یـەک گـەڕەک بوویـن، لـە بەغـداش زۆرجـار دەهـات لـە زانکـۆ سـەری لـێ دەدام، ئەوجـا بـا شـتێکت بـۆ بگێڕمـەوە، ئەمـە وەک نوکتـە وایـە؛ ڕۆژێکیـان هـات، مـن لـە پۆلەکـەم، لـە دەرسـدا بـووم، وابزانـم دەرسـی دوکتـۆر ئەحمـەد نەجمەددیـن بـوو، ئیشـارەتی بـۆ کـردم گوتـی وەرە. منیـش بـە دوکتـۆرم گـوت، ئیجـازە هەیـە بچمـە دەرەوە، گوتـی بچـۆ. چـووم گوتـم جـان چیـت دەوێ؟، گوتـی وەرە قەسـیدەیەکی نوێـم نووسـیوە.

**ڕامان:** ئەو زمانی کوردی دەزانی؟

**حەسـەن جـاف:** ئا ئا، بە کوردی قسـەمان دەکرد، بەڵام زیاتـر بـە عەرەبـی بـوو. گوتـی شـتێکی نوێـم نووسـیوە، حـەز دەکـەم بۆتـی بخوێنمـەوە. گوتـم باشـە بیخوێنـەوە. گوتـی، «الرجـل الـذي سـافر، ولـم يعـد.» گوتـم، ئەمـە چییـە؟ گوتـی، ئەمـە سـەرناوی شـیعرەکەیە. گوتـم، دەی. گوتـی، «ومـر القطـار وقـال تـوت تـوت.» گوتـم ئەمـە چییـە؟ گوتـی، ئەمـە شـیعرەکەیە. گوتـم، یانـی جەنابـی ناموبارەکت منـت لـە دەرس دەرهێناوەتـە دەرەوە، بـۆ ئـەوەی ئـەم شـتە قـۆڕەم بـۆ بخوێنیتـەوە! کردییـە گاڵتـە و پێکەنیـن و گوتـی، انـت کـوردي، ماتفتهـم عربـي. گوتـم، یـا عربـي، یـا شـعر (بەپێکەنینـەوە)!! جـا دۆسـتایەتیمان لەگـەڵ یەکتـر زۆر بـوو.

**ڕامـان:** ئـەی هیـچ جارێکـی دیکـە نەتبینییـەوە، پێکـەوە دانیشـن و قسـە بکـەن؟

**حەسـەن جـاف:** زۆر جـار دادەنیشـتین، قسـەی ئاساییمان دەکرد، زۆرجـار شـیعری خـۆی دەدامێ و دەمخوێندنـەوە، بـەڵام کـەم کـەم یەکتریمـان دەدی. نازانـم لـە بەغـدا چـی دەکـرد، بـەڵام لـە کوللییـە دەهـات بـۆ لام، ئیـدی دوای ئـەوە مـن چـووم بـۆ سـعودیە و لەوێـوە بـۆ جەزایـر و نەمبینییـەوە.

**ڕامـان:** ئـەی بێجگـە لـەو، ئەوانـی دیکـەت نەدەبینـی؟

**حەسەن جاف:** ئەوانی دیکەم نەدەناسی.

**ڕامان:** بۆ نموونە جەلیل قەیسی؟

**حەسەن جاف:** (جەلیل قەیسی)م نەدەناسی.

**ڕامان:** هەتا ئەم دواییەش نەتناسی؟

**حەسەن جاف:** نا نا، (جەلیل قەیسی)م دەناسی. دەمزانی ئەوە (جەلیل قەیسی)یە، بەڵام پێوەندیمان پێکەوە نەبوو. گوتیان ئەو کوردە و خۆی کردووە بە عەرەب.

**ڕامان:** نا، ئەو خۆی لای من باسی کردووە، دایکی کورد بوو، باوکیشی عەرەبی بەیاتی بوو، چونکە بەیاتی کورد و تورکمان و عەرەبیان تێدایە؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، باوکیشی کورد بوو، بەڵام لە ترسا بووبوو بە عەرەب، منیش لەبەر ئەوە خۆشم نەدەویست.

**ڕامان:** تۆ دڵنیای کە دایک و باوکی کورد بوون؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامان:** بەڵگەت بۆ ئەو قسەیەت هەیە؟

**حەسەن جاف:** وەڵاهی هەر ناسیاوی بوو، ماڵیان لە تەپەی مەلا عەبدوڵڵا بوو، ئێمەش ماڵمان لە تەپەی مەلا عەبدوڵڵا بوو.

**ڕامان:** یانی باوکی پیاوێک بوو، جلی کوردی لەبەر دەکرد، یان بە چی دەتزانی کە کوردە؟

**حەسەن جاف:** نا، جلی کوردی نا، هەر دەیانگوت کوردە و بە کوردی قسەی دەکرد.

**ڕامان:** ئەوە لە خۆشیم بیستووە دایکیشی هەر کورد بوو.

**حەسەن جاف:** بەڵێ، دایکیشی هەر کورد بوو.

**ڕامان:** ئەوجا من لەم دواییانە لەگەڵی تێکەڵ بووم، ئینکاری نەدەکرد، دەیگوت دایکم کورد بووە.

**حەسەن جاف:** ئەوە دەزانی چۆنە، دەستەیەک بە ناوی قەیسی خۆیان کرد بە عەرەب، ئەوەی دیارە لە عەشیرەتی قەیسی، ئەوەیە کە ڕەچەڵەکیان دیار نییە، تەنانەت خزمێکی ئێمە خۆی کرد بە قەیسی، تەنیا بۆ ئەوەی کار و بەرژەوەندییەکانی بەڕێوە بڕوات، نەک بڵێی ڕقیان لە کورد بێت، یان شتێکی لەو بابەتە بێ، لە ترسا دەبوون بە عەرەب، بۆ ئەوەی کاریان باشتر بەڕێوە بچێت.

**ڕامان:** تۆ هەر لەبەر ئەوە بوو لێی دوور کەوتیتەوە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەی ئەوانی تر، بۆ نموونە زوهدی داوودی کە کوردە، لێی نزیک نەبوویتەوە؟

**حەسەن جاف:** پێوەندیم لەگەڵ زوهدی داوودی نەبوو، بەڵام سەرەتا چۆنم ناسی، جاران سینەما کەسێکی دەگرت و بەنێو شاردا دەگەڕا و بانگەشەی بۆ فیلمەکان دەکرد، زوهدی داوودی لە سینەما (عەلەمین) کارەکەی ئەوە بوو.

**ڕامان:** لێرە (ئەبوو سەباح)ی فۆتۆگرافەر هەبوو، ئەوەی وێنەگر بوو، سەرەتا ئەو لە هەولێر خەریکی ئەو کارە بوو.

**حەسەن جاف:** نازانم، ئیدی زوهدی داوودی لە سینەما عەلەمین ئەو کارەی دەکرد و بەهۆی ئەو ئیشەیەوە (زوهدی داوودی)م ناسی، بەڵام وەک نووسەر نا.

**ڕامان:** ئەی دواتر نووسینەکانیت نەدەخوێندەوە؟

**حەسەن جاف:** نەمدەخوێندنەوە.

**ڕامان:** هیی (جەلیل قەیسی)شت نەدەخوێندەوە؟

**حەسەن جاف:** هیی (جەلیل قەیسی)شم نەخوێندووەتەوە. نە نووسینەکانی ئەو، نە ئەوانەی سەلاح فایەق و نە ئەوانی دی، هەر هیی جان دەمۆم دەخوێندەوە، چونکە لەو سەروبەندەدا، قۆناغی دواناوەندیم بوو، دەرفەتی

ئـەوەم نەبـوو هیـچ بخوێنمـەوە.

**ڕامـان:** ئـەی لـە قۆناغەکانـی دواتـردا، دەسـتت بـە خوێندنـەوەی بەرهەمەکانیـان نەکـرد؟

**حەسـەن جاف:** دواتـر چوومـە سـعوودیە و جەزایـر و لێیـان دابـڕام.

**ڕامـان:** خـۆ جەلیـل قەیسـی هەتـا ئـەو سـاڵانەی دوایـی مابـوو؟

**حەسـەن جاف:** ئەم ساڵانەی دوایی بەرهەمەکانیانم دەخوێندەوە، بەرچاوم بکەوتنایە دەمخوێندنەوە.

**ڕامـان:** کەواتـە لەم دواییيانە، ئیـدی بەرهەمەکانی ئەمانەت دەخوێندەوە؟

**حەسەن جاف:** ئا، تاکوتەرا دەمخوێندنەوە.

**ڕامان:** هی (جەلیل قەیسی)ش؟

**حەسـەن جـاف:** بەڵـێ، دەمخوێندنەوە، هیی سـەلاح فایـەق و هـی (جـان دەمـۆ)ش، کـە لـە سـاڵی ۱۹۷۰ بـەدواوە گەڕامـەوە، بەرهەمەکانیانـم دەخوێندنـەوە، بـە تایبەتـی ئەگـەر بکەوتبانـە بەرچـاوم و بمدیبایـەن دەمخوێندنـەوە، بـەڵام بەدوایانـدا نەدەگـەڕام.

**ڕامان:** ئەی سەرگۆن پۆڵس و ئەوانی دی؟

**حەسـەن جـاف:** سـەرگۆن پۆڵـس و جـان دەمـۆ و ئەوانـی دیشـم بدیایـە دەمخوێندنـەوە.

**ڕامـان:** کـە لـە دەرەوەی عێراقیـش گەڕایتـەوە، لـە نزیکـەوە ئەوانـەت نەناسـی؟

**حەسـەن جـاف:** نـا، سـەرگۆن پۆڵـس و سـەلاح فایـەق و ئەوانـم نەناسـی.

**ڕامـان:** ئەدیـب و شـاعیری گـەورە لـە کەرکـووک هـەن، وەک قەحتـان ئەلهورمـزی، وابزانـم تورکمـان بـوو، «نخـب العالـم المنهـار»، ئـەوە یەکێـک لـە دیوانەکانـی بـوو، یـان سـەلاح مـەردان هەبـوو؟ کـە لـە ناوەندیـی سـەلاحەددین لـە هەولێـر مامۆسـتای زمانـی عەرەبیمـان بـوو، لـە حەفتـاکان لـە شـاری هەولێر دادەنیشـت، دواتـر زانیمـەوە و لێم خوێندەوە کـە لـە تورکییـەوە وەری دەگێـڕا و دەینووسـی.

**حەسـەن جـاف:** لەگـەڵ تورکمـان پێوەندیمـان نەبـوو، تەنانـەت لـە دواناوەندیـش هـەر یـەک بـرادەری تورکانـم هەبـوو. عەبدوڵلەتیـف کـوڕی حاجـی غەفـووری پـێ دەڵێـن، ئێسـتا لـە تورکیایـە، دەڵێـن مـاوە، بـەڵام دۆخی بـاش نییە. برادەرێکیشـم هەبـوو، مەسـیحی بـوو، نـاوی سـەنخیرۆ بـوو، ئیـدی ئەوانـی دیکـە هەمـووی کـورد بـوون، یەکێـک لەوانـە کاک ئەسـکەندەر بـوو.

**ڕامـان:** وامزانـی دەڵێـی عەبدوڵلەتیـف بەنـدەر ئۆغڵـوو دەناسـی؟

**حەسـەن جـاف:** نـا، عەبدوڵلەتیـف حاجـی غەفوور، ئەوانـی دیکـە کـورد بـوون. یەکیـان ئەسـکەندەر بـوو، بـەم دواییيـە مرد.

**ڕامـان:** ئـەی بـۆ نووسـینی چیـرۆک و ڕۆمانەکانـت، خوێندنـەوەی کاری چ نووسـەرێک کاریگەریـی لەسـەر دانـای، چیرۆکنووسـێک کـە کورتەچیرۆکـی هەبووبـێ، یـان ڕۆماننووسـێک، کـە کاریگەرییـان لەسـەر تـۆ دانابێـت؟

**حەسـەن جـاف:** ناڵێـم کاریگـەری نەبـووە، با نەبێتە لەخۆباییبـوون، بـەڵام حـەزم لێبـووە چیرۆکـی لەتیـف حامیـد بخوێنمـەوە، حـەزم لێبـووە ڕۆمانـی فـازڵ عـەزاوی بخوێنمـەوە، ڕۆمانـی بێگانـان بخوێنمـەوە، هیـی کامـو و سـارتر و کافـکا و ئەوانـە، بابەتەکـە لەسـەر زەوق بـوو، ئیـدی کاریگـەری بەسـەرمەوە بەجـێ هێشـتبێت، ئەوەیـان نازانـم و ناتوانـم بڵێـم نـا، نەبـادا بچێتـە خانـەی لەخۆباییبوونـەوە، بـەڵام بەڕاسـتی نازانم، زۆرم خوێندووەتـەوە و کتێبخانەیەکی گـەورەم هەیـە، زۆر زۆر هۆگـری خوێندنـەوە بـووم.

**ڕامـان:** ئـەی بابەتـی فیکری و فەلسـەفی، سـارتر و کامـو و ئەوانـە کاریگەرییـان لەسـەرت هەبووە؟

**حەسـەن جـاف:** نـا، بابەتـی فیکـری نـا، هـەر بابەتـی ئەدەبـی کاریگەریـی بەسـەرمەوە هەبـووە. بـۆ نموونـە، کامـەران موکـری، لەوانەیـە مـن تەنیـا

کەسێک بم وەک چیرۆکنووس کتێبم لەسەر کامەران موکری نووسیوە.

**ڕامان:** وەک باست کرد (کامەران موکری)ت لە چاپخانەی کامەران ناسی و ئامۆژگاری کردی کە شیعرەکانت چاپ نەکەی، لەوەوە بوونە هاوڕێ، ئیدی دوای ئەو یەکتر بینینە، چەند جاری دیکە یەکترتان بینییەوە، زوو زوو، یان درەنگ درەنگ یەکترتان دەبینی؟

**حەسەن جاف:** ئیتر لەوەوە بووین بە هاوڕێ، گەورەترین ئەمەگی کامەران موکری کە بەسەر منەوە هەیبووە، ئەو شوقەیەی ئێستا تێیدا دەژیم، ئەوە چاکە و پیاوەتی (کامەران موکری)یە.

**ڕامان:** وەرگرتنی ئەو شوقەیە هەر کەسێک کردبێتی چاکەیەکی گەورەیە، ماڵی ئاوا بێ، ئەوجا کە ئەو بۆی وەرگرتووی، دیارە دەستی، یان قسەی ڕۆییوە؟

**حەسەن جاف:** ئەو بۆی وەرگرتم، ئەو داوای لێ کردم و گوتی زانکۆ لە بەشی کوردی پێویستیان بە مامۆستا هەیە. پێم گوت من پسپۆڕیم لە جوگرافیادا هەیە. گوتی دەی قەی چی دەکات، مەگین تۆ کوردی نانووسی و کوردی نازانی؟ گوتم با، ئیدی منی هێنا لە زانکۆ، لە بەشی کوردی دایمەزراندم.

**ڕامان:** تۆ پێش ئەوەی بێیتە هەولێر، لە کوێ بووی؟

**حەسەن جاف:** لە سلێمانی بووم.

**ڕامان:** مەبەستمە بڵێم ئەو کاتە لە دواناوەندیی کاژاو بووی؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، لە دواناوەندیی کاژاو بووم، بە (کامەران موکری)م گوت من لێرە (لە سلێمانی) کرێچیم، بێمە هەولێریش هەر کرێچی بم؟ گوتی نا، شوقەیەکت لەو ئەپارتمانەی ڕووناکی بۆ وەردەگرم، کە خۆی بۆ بەشی ناوخۆیی کچان دروست کرابوو. ئەوانەی سەر شەقامەکە بۆ مامۆستا و فەرمانبەرەکان بوون، ئەوانەی پشتەوەش بەشی ناوخۆیی کچان بوون، ئیدی ئەم شوقەیەی بۆ وەرگرتم و لە زانکۆش دایناند.

**ڕامان:** لەبیرت مابن ئەوانە کێن کە موحازەرەت پێ گوتوونەتەوە؟

**حەسەن جاف:** قوتابییەکانم: محەمەد خدر مەولوود، عادل گەرمیانی، پەرێز سابیر و زۆری دی بوون، ژمارەیان زۆرە، هەر ئەوەندەیانم لەبیر ماوە.

**ڕامان:** ئەوانە هەموویان قوتابی تۆ بوون؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، هەموویان قوتابی من بوون. نەک قوتابی، دەرسم پێیان دەگوتەوە.

**ڕامان:** دەرسی چیت پێ دەگوتنەوە؟

**حەسەن جاف:** لە بەشی کوردی، دەرسی وەرگێڕان و ڕێنووس و ئینشام پێیان دەگوتەوە.

**ڕامان:** ئەو سێ وانەیەت پێیان دەگوتەوە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامان:** هەستت دەکرد بە باشی وانەکانیان پێ دەڵێیتەوە، کاردانەوەی قوتابییەکان بەرانبەرت چۆن بوو؟

**حەسەن جاف:** وەڵاهی دەکرێ لەوان بپرسی، ئێستاش ڕێزیان بۆ من هەیە، لەبەر ئەوەی دەڵێن کەڵکمان لە دەرسەکەت وەرگرتووە.

**ڕامان:** ئەو کاتی کە لە سلێمانی بووی، ئاگام لێبوو لە ناوەندیی کاژاو، بڵاوکراوەیەکیشتان بە ناوی (کاژاو)ەوە دەکرد، ئەو بڵاوکراوەیە هەر ئەو ژمارەیەی لێ دەرچوو؟

**حەسەن جاف:** تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچوو، لەبەر ئەوەی پارەمان نەبوو، ئەو ژمارەیەش بە پارەی عەلی بۆسکانی دەرچوو، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی بێت، ئەو پارەی

داینێ و ئەو ژمارەیەمان دەرکرد، پاش ئەوە پارەمان نەبوو، ئیدی بە چی دەری کەین.

**ڕامان:** پێم وایە ڕۆڵی سەرەکیش لە دەرچوونی ئەو ژمارەیەدا هەر تۆ گێڕات؟

**حەسەن جاف:** من سەرنووسەر بووم، ئاخر من بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بووم.

**ڕامان:** ئەی هاوکارەکانت کێ و کێ بوون؟

**حەسەن جاف:** هاوکارەکانم مامۆستاکانی قوتابخانەکە بوون، لەگەڵ ئەو برادەرانەی لە سلێمانی بابەت دەنووسن.

**ڕامان:** لە بیرمە بابەتێکی م. عومەر مارف بەرزنجی بە ناوی (هیچ کامێکیان شیعری مەحوی نین)، لە گۆڤارەکەتاندا بڵاوکرایەوە... باشە هیچ ڕێ کەوتووە لە شوێنی دیکە، ئاوا بەم شێوەیە گۆڤاری دی دەربکەن؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، کاتی خۆی لەلای ئۆپۆزیسیۆن، لە ڕۆژنامەی (بەغداد) ئیشم دەکرد، سەرپەرشتیی چاپەکەم بۆیان دەکرد، هێشتا سەدام حسێن مابوو.

**ڕامان:** ئەو ڕۆژنامەیە هیی جەماعەتی ئەیاد عەلاوی بوو، لە پیرمام دەریان دەکرد، مەبەستمە بڵێم ستافی ڕۆژنامەکە لەوێ بوون؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، من لە چاپخانەی زانکۆ بووم، (حەمید ئەبووبەکر بەدرخان)یش لەوێ بوو.

**ڕامان:** ئەو کاتە لە چاپخانەی زانکۆ کارت دەکرد؟

**حەسەن جاف:** نا، من ڕۆژنامەکەم لەوێ چاپ دەکرد، (حەمید بەدرخان)یش هەر لەوێ کاری دەکرد.

**ڕامان:** تۆ تا کەی لە مامۆستایەتیی زانکۆی سەلاحەددین مایتەوە؟

**حەسەن جاف:** تاکوو ڕاپەڕین مامەوە.

**ڕامان:** دوای ڕاپەڕین لەوێ نەمایتەوە؟

**حەسەن جاف:** هەتا ڕاپەڕین لەوێ مامەوە، دوایی مامۆستایەک لە ئەمریکاوە هاتەوە، دەرسەکەی منیان دایە ئەو.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە لە ئەمریکا نەبوو، لە بریتانیاوە هاتەوە، د. عەبدوڵڵا دەباغ، هەولێری بوو، پیاوێکی زیرەک و لێهاتوو بوو، زۆرتر بە زمانی عەرەبی دەینووسی، نازانم کەوتە کوێ؟

**حەسەن جاف:** من قسەم لەسەر خۆی نییە، بەڵام شەوێکیان لە دەرگایماڵەکەمیان دا. خێزانەکەم گوتی، کەسێک هاتووە، داوای تۆ دەکات، چووم کوڕێک قوتابیی خۆم بوو. ئەوەم لەبیر چوو بۆت باس بکەم، ئەوسا لە کوللییەی ئاداب، دوو بەش هەبوو، بۆ نموونە، پۆلی یەک دوو سێ چوار، بەشی کوردی هەبوو، بەشی عەرەبییش هەبوو. من لە هەردووکیان دەرسم دەگوتەوە.

**ڕامان:** ئەو کوڕەی هات لە دەرگای ماڵەکەتانی دا کێ بوو؟

**حەسەن جاف:** ئەو کوڕە لە بەشە عەرەبییەکە بوو، هات پێناسەکەی پیشانم دا، لە ئەمن مولازم بوو، ناوی بەشیر ئەحمەد زەنون، زۆر سەیرە تا ئێستا ناوەکەم لەبیرە.

**ڕامان:** لە دایرەی ئەمن بوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، عەرەبێکی مووسڵاوی بوو. گوتم چییە، چی بووە، بۆچی ئەو پێناسەیەتم پیشان دەدەی؟ گوتی مامۆستا، تۆ ڕۆیشتی ئەو مامۆستایە هات، ئێستا قوتابییەکان مانیان گرتووە، من لە ئەمنم و دەزانم ئەمن چۆن کار دەکات، دەترسم کارەکە بەسەر تۆدا بشکێتەوە.

**ڕامان:** دیارە مانگرتنی قوتابییەکان بە تۆ چارە دەکرا، بۆیە ڕووی لە تۆ ناوە.. دواتر ئەو

مەسـەلەیە چـی لێهاتـەوە؟

**حەسەن جاف:** چوومـە لای قوتابییەکان و قسـەم بۆ کردن، قەناعەتیـان کـرد و کۆتایـی پـێ هات.

**ڕامان:** مـاوەی مانـەوەت لـە زانکـۆ سـەلاحەددین وەک مامۆسـتا چەنـدی خایانـد؟

**حەسەن جاف:** هەروەک عەرزم کردی، مامۆسـتا کامـەران موکـری داوای لێـم کـرد، چوومـە ئـەوێ، پێشـم گـوت مـن ناتوانـم بێـم، لەبـەر ئـەوەی لـە سـلێمانی کرێچـی بـووم و لێـرەش هــەر کرێچـی بم، ئیدی ئـەوە بـوو ئـەو شـوقەیەی بـۆ وەرگرتـم، کـە ئێسـتا تێیـدا دەژیـم. لـە سـاڵی ١٩٨٧ــەوە هەتـا دوای ڕاپەڕیـن، دەرسـم بـە قوتابیانـی بەشـی کـوردی گوتــەوە، ١ و ٢ و ٣ و ٤، ئینشـا و ڕێنـووس و وەرگێڕانـم پێیـان گوتـەوە.

**ڕامان:** نزیکـەی (٤) سـاڵێک دەرسـت گوتووەتـەوە.. ئـەو کاتـەی کـە لـە بەشـی کـوردی دەرسـت گوتووەتـەوە و لەگـەڵ مامۆسـتاکان دۆسـتایەتیت پەیـدا کـرد، ئـاگاداری سیسـتمی زانکـۆ و بابەتـەکان و بەرنامـەی خوێنـدن بـووی، ئاسـتی زانسـتی ئـەو بابەتـە دەرسییانە و ڕادەی تێگەیشـتنی قوتابیانـی ئـەو کاتـە چـۆن بـوون؟

**حەسەن جاف:** ئاسـتەکە زۆر بـاش بـوو. کۆمەڵێک لەوانەی من و مامۆسـتا کامەران موکری و کەسـانێکی دیکـە دەرسـمان پێیـان دەگوتـەوە، ئێسـتا زۆریـان دوکتۆرایـان وەرگرتـووە و لـە زانکۆکان مامۆسـتان.

**ڕامـان:** بـە بـەراورد لەگـەڵ ئاسـتی زانکۆکانـی ئەمـڕۆ چـۆن بـوو؟

**حەسەن جاف:** ئێسـتا ئـاگام لـە زانکۆ نییـە، بەڵام ئەوسـا بەڕاسـتی لـە سـەرچاوەکان و خوێندنەکـە و لێکۆڵینـەوە و ئـەو گفتوگۆیانـەی دەکـران، جۆرێـک کرانـەوەی زانسـتی هەبـوو، لەبـەر ئـەوە زۆر قوتابـی پێگەییـن و ئێسـتا زۆریـان مامۆسـتای زانکـۆن.

**ڕامـان:** سـەرەتا کـە هاتیتـە هەولێـر ئـاگادارم چوویتــە ئوتێـل مێرگەسـۆر و لـەلای کامــەران موکـری دەخـەوتـی؟

**حەسـەن جـاف:** سـەرەتا لەگـەڵ کامـەران لـە ئوتێـل مێرگەسـۆر بوویـن، تاکـوو دوایی شـوقەکەی بـۆ وەرگرتـم، هـەر لـە ئوتێلی مێرگەسـۆریش بـە ڕەحمەتـی خـودا چـوو، ئەوجا ئـەو کتێبـەم دانـا، کتێبـی (کامـەران موکـری)ی چیرۆکنـووس، زۆری پـێ خـۆش بـوو، بەداخـەوە خـۆی نەیبینـی.

**ڕامان:** بێجگـە لـە م. کامـەران موکـری، پێوەندیت لەگـەڵ مامۆسـتاکانی دیکـە چـۆن بوو؟

**حەسـەن جـاف:** م. حەمـەی مـارف زۆر دۆسـتم بـوو، زۆر ئەزیـزم بـوو، بـڕوا بکـە کاک ئـازاد، ئـەوە ویسـتم ئـەوەت پـێ بڵێـم، جەنابـت ئەمـە بـڵاو دەکەیتـەوە، تکایـە داوای لێبوردنێکـی مـن بـڵاو بکـەرەوە، چونکـە بیـرم زۆر خراپـە، شـتم زۆر لەبیـر دەچـێ، ڕەنگـە ئێسـتا لەبیـرم نەبـێ چەنـد کـەس لـەوێ مامۆسـتا بـوون و ناسـیومن.

**ڕامـان:** لەگـەڵ ئـەو دوو بەڕێـزە، مامۆسـتایان: کامـەران موکـری و حەمـەی مـارف، کە دوو کەسـی گرینگـن لەنێـو ڕۆشـنبیریی کوردیـدا و تـۆ ڕۆژانـە لەگەڵیـان بـووی، بیرەوەریـت لەگەڵیـان هەبـوو؟ جـارێ لـە یەکەمیانـەوە، لەگـەڵ کامـەران موکـری دەسـت پـێ بکەیـن؟

**حەسـەن جـاف:** لەگـەڵ م. حەمـەی مـارف هــەر ئەوەبـوو لـە زانکـۆ پێکـەوە مەرحەبامـان هەبـوو، بـەڵام م. کامـەران لـە ئوتێلیـش بـە یەکـەوە بوویـن، لـە ئوتێـل مێرگەسـۆر، تاکـوو شـوقەکەی بـۆ وەرگرتـم، بەڕاسـتی ئـەو لـە ڕەفتـار و هەڵسـوکەوت و دڵسـۆزی و پاکیـدا، نموونـەی بـاڵا بـوو، زۆر بەداخـەوە کـە دەسـتم بـەو کتێبـە کـرد، زۆری حـەز دەکـرد ببینـێ، بـەڵام نەیبینـی و لەپـڕ مـرد.

**ڕامـان:** ڕاسـتە، بـە داخـەوە کتوپـڕ مـرد، کـە دەهاتــەوە سـلێمانی دەمبینـی، کەسـێک بـوو

زۆر خەفەتی دەخوارد و پیشی دەخواردەوە، جارێک کە لە کۆڕێک ئامادە بووم، (کامەران موکری)یش لەوێ بوو، بێگومان ئەو لە ساڵی ١٩٧٣ـەوە، لەدوای چاپکردنی (زەبری هۆنراوە) وە، لە شیعر نووسین وەستا، ئەوە بوو زۆریان لەسەر نووسی، دەیانگوت ئیدی وشکی کردووە و هیچی پێ نەماوە، دوای ئەوە چیتر شیعری نەنووسی، هەرچەند خۆی لای من باسی دەکرد، کە هەندێک لە شیعرەکانی ئەو، لەبەر ئەوەی سیاسی بوون، خۆی نەیویستووە بڵاویان بکاتەوە، بەتایبەتی لە ساڵانی دوای ١٩٧٦ و ١٩٧٧ و ئەوانە، چونکە نەیویستووە لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو شیعرانە تووشی کێشە و گرفت بێت، بەڵام جارێک لەناو هۆڵی فارابی زانکۆی سلێمانی، قوتابییەکانی زۆر پێداگرییان کرد شیعرێکیان بۆ بخوێنێتەوە، چوارینەیەکی خوێندەوە، ئیدی ئەو هۆڵە بوو بە هارەی چەپڵەلێدانێکی زۆر، تۆ کە لێیەوە نزیک بووی، وەک بزانی لەگەڵ شیعرنووسین چۆن بوو؟

**حەسەن جاف:** م. کامەران بایی ئەوەندە بڕوای بە من هەبوو کە شتم نیشان بدا، نەک بۆ هەڵسەنگاندنی چاکی و خراپی، هەروەک شیعر، بەڵام هەر کە شتێکی دەنووسی پیشانمی دەدا، هەرچەند ئێستا بیرم ئەوەندە باش نییە، هەموو شتێکم لەبیر مابێ، بەڵام زۆر شتی پیشانم داوە.

**ڕامان:** واتە شیعری دەنووسی و بەردەوام بوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، شیعری دەنووسی و پیشانی منی دەدا.

**ڕامان:** بەڵام دیار بوو باری دەروونیی باش نەبوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامان:** لە دەست ڕۆژگار بە گلەیی و ناڕەحەت بوو؟

**حەسەن جاف:** لەدەست ڕۆژگار زۆر بە گلەیی بوو، دوای ئەوەش لە سلێمانییەوە کە هاتووەتە ئێرە (هەولێر)، لێرەش هەرچەندە شاعیرێکی زۆر بەناوبانگ بوو، بەڵام هاوڕێ و دۆستەکانی زۆر سنووردار بوون.

**ڕامان:** دیارە م. کامەران موکری یەکێک بوو لەوانەی بە هۆی بارودۆخی سیاسی و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی ڕابوردوویەوە نەیپەرژابووە سەر خوێندن و نەیتوانیبوو خوێندن تەواو بکات، بۆیە تاکوو سێی ناوەندیی خوێندبوو، بەڵام وەک من لە قوتابییەکانیم دەبیستەوە، زۆر بە جوانی و بە باشە باسیان دەکرد و زۆر کەڵکیان لێ وەرگرتووە؟

**حەسەن جاف:** مامۆستا ئازاد، ئاستی ئەو پیاوە زۆر بەرز بوو، من ئاستی ڕۆشنبیری و هەر بوارێکی دیکە بە بڕوانامە لێک نادەمەوە. باشترین نموونە، تەها حسێن (عميد الأدب العربي)، بەدەست عەباس مەحموود عەقادەوە زاڵەی بوو، کە قوتابیی شەشی سەرەتایی بوو. دیارە دایکی عەباس مەحموود عەقاد خەڵکی سلێمانییە. عەباس عەقاد، ئەو فەیلەسووفە گەورەیە نە بڕوانامەی هەبوو، نەهیچ، ئەوجا مەبەستم ئەوەیە کە بڕوانامە پێودان نییە، بەڵام ڕێگایەکە بۆ دامەزران و ئەرک و دەور بینین و ئەوانە.

**ڕامان:** هەر بۆ ڕوونکردنەوە، عەباس مەحموود عەقاد لەوانەیە وەک هزرمەند قەبووڵ بکرێ، بەڵام فەیلەسووف نییە.. ئەو زەمانەی تۆ لە زانکۆی سەلاحەددین دەرست گوتووەتەوە و لە نزیکەوە ئاگەداری سیستمی خوێندنی، ئەگەر بەراوردێکی ئەوسای زانکۆ، لەگەڵ ئێستای زانکۆی سەلاحەددین و ئاستی خوێندەواری و

زانستیی قوتابی و مامۆستاکانی ئەمڕۆی بکەی، چۆنی دەبینی، چونکە وەک ئاگام لێیە تۆش چاودێرێکی باشی دۆخەکەی، ئەگەر ئێستا ئەو بەراوردە بکەی، چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟

**حەسەن جاف:** هەرچەند حەز ناکەم ئەمە بڵاو بکەیتەوە، بەڵام زۆر لەوانەی دوکتۆرایان وەرگرتووە هیچ ئاستێکیان نییە، من خۆم کەسێک دەناسم کە نامەکەی (تێزەکەی) بۆ نووسراوە، تەنانەت هێنایان بۆ من وەری بگێڕم، ئەوەم نەکرد، تەماشام کرد خۆی هیچی لێ نازانێ. بەداخەوە ئاستی پەروەردە زۆر دابەزیوە، وەک جاران نەماوە، کە زانست زۆر بایەخی هەبوو.

**ڕامان:** ئەی ئاستی قوتابیانی ئەوسا و ئێستا چۆن دەبینی؟

**حەسەن جاف:** ئەوسا کەس بەخۆڕایی دەرنەدەچوو، من ئاگام لێیە، قوتابی هەیە خەڵک بە پارە لە جیاتی ئەو، تاقیکردنەوەیان بۆی کردووە، خۆ ئەگەر سبەینێ لێکۆڵینەوەشم لەگەڵ بکەن ناوی کەس نابەم، هەرچەندە ناوی کەسەکەشم لەبیر نەماوە، بەڵام ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ هەیە، زۆر زۆر بەداخەوە، نەک هەر بابەتە سیاسییەکە شێواوە، گەندەڵییەکە زانست و زانکۆشی گرتووەتەوە، هەر خوێندن بەگشتی وایە، نەک بڵێین تەنیا زانکۆی گرتبێتەوە.

**ڕامان:** دێینە سەر تەوەرێکی گرنگی دی کە تۆ لە ژیانتدا بایەخێکی زۆرت پێی داوە، کە ئەویش وەرگێڕانە، هەرچەندە ئاماژەت بەوە کرد و گوتت بێتاقەتم و چەند ساڵە نەمتوانیوە دێڕێک بنووسم، بەڵام پرسیارم لێ کردی کە بۆچی ئەو کتێبە قەبارە گەورانە وەردەگێڕی و بۆ ئەمانە تاقەتت هەیە، گوتت ئەوەیان ناچارییە، لەبەر ژیان و گوزەران و خوێندنی منداڵەکانت، پێشتر هەندێ وەرگێڕانی تۆم بینیوە، بەتایبەتی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، بۆ نموونە کتێبی وەرگێڕاوی (بسمة)ت هەیە، کە چیرۆکەکانی (عەبدوڵڵا ئاگرین)ت وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، باشە تۆ بۆچی لەناو ئەو هەموو چیرۆکنووسە کوردە هەر چیرۆکەکانی (عەبدوڵڵا ئاگرین)ت وەرگێڕاوە، بۆچی هەوڵت نەداوە کۆکتێلێک لە هەڵبژاردەی چیرۆکنووسانی کورد، بۆ نموونە، چیرۆکەکانی کامەران موکری، لەتیف حامید بەرزنجی، ئەحمەد شاکەلی و سەدرەددین عارف و حسێن عارف و چەندان چیرۆکنووسی دیکە هەن وەربگێڕی؟

**حەسەن جاف:** م. عەبدوڵڵا ئاگرین زۆر دۆستە لەگەڵ من، خۆی داوای لێ کردم بۆی وەربگێڕم. ڕەنگە جەنابت نەتدیبێت، یەکەم کۆمەڵەچیرۆکی خۆم، لە خەونەکانی نامۆیەک، ئەویشم بە ناوونیشانی «القنص» وەرگێڕاوە، ڕۆمانی ئەنفال، گوڕستانی لم، ئەویش هەر هیی خۆمە و خۆم بەناوونیشانی «المقابر الرملية» وەرم گێڕاوە، جگە لەمانە کتێبێکم بە عەرەبی هەیە، هەرچەندە کاتی خۆی زۆر دەستکارییان کرد، «ملامح التجديد في القصة الكردية الحديثة»، لە دادگا شکایەتیشم لێیان کرد، بەڵام کەس وەڵامی نەدامەوە.

**ڕامان:** ئاگادارم، ئەوە پێش ڕاپەڕین بوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، پێش ڕاپەڕین بوو. لەبەر یەک شت ئەوەی جەنابت دەیفەرمووی نەمکردووە، من خۆم گلەییم لە دوو سێ برادەر هەیە، کە هەڵبژاردەیان لە چیرۆکی کوردی کردووە بە عەرەبی، یەکێکیان زۆر دۆست و برادەری خۆیشمە، بەڵام یەک چیرۆکی منی تەرجەمە نەکردووە.

**ڕامان:** ئەوانەی جەلال زەنگابادی و حسێن عارف و عەبدولغەنی عەلی یەحیا و محەمەد سابیر عوبێد کە چوار کەس بوون کردیان؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، ئەوەی جەلیل محەمەد شەریف کە لە کەرکووک کردی.

**ڕامان:** کەسێکی دیکەیش هەیە لە سلێمانی دەژی، حسێن نێرگسەجاڕی، ئەویش چیرۆکی کوردی وەرگێڕاوە.

**حەسەن جاف:** بەڵێ، لەبەر ئەوە من ئەوەم نەکرد، نەبادا مەسەلەن ئازاد عەبدولواحیدم لەبیر بچێت و گلەییم لێ بکات، یان زەیدم لەبیر بچێت و گلەییم لێ بکات، ئەگینا بابەتەکە هیچ هۆیەکی دیکەی لە پشتەوە نەبووە.

**ڕامان:** خۆ لە ئەنتۆلۆژیای چیرۆکی کوردیشدا کە وەرگێڕانی کۆمەڵێک چیرۆکی کوردین، دیسان چیرۆکی تۆی هەر تێدا نەبوو؟

**حەسەن جاف:** ئەوە خۆت گوتت، پێویست ناکات من هیچ بڵێم، لە کاتێکدا ئەوەندەی لەبیرم مابێ، هیمداد حوسێن ئامادەی کردبوو، کەچی چیرۆکی منی تێدا نەبوو.

**ڕامان:** باشە تۆ وەڵامی ئەوەت نەدامەوە، لە ئەدەبی کوردیدا چیرۆکی باش زۆرن، خۆ ئەوانە خۆت هەڵیاندەبژێری، ناچار نیت هەموویان وەربگێڕی؟

**حەسەن جاف:** بڕوا بکە کە دەڵێی وەڵامت نەدامەوە، مەسەلەکە هەر ئەوە بوو، من بێم هەندێ کەس هەڵبژێرم، دواییش هەندێ کەسی دیکە بڵێن چیرۆکی منی تەرجەمە نەکردووە، دەنا هیچ هۆکارێکی دیکەی تێدا نییە. بۆ نموونە، چیرۆکی نوێی کوردی، چیرۆکی حەمەی موکری تێدا بوو، وەختی خۆی لە سانسۆر لایان برد، حەمەی موکری تاکوو مردیش هەر گلەیی لێم دەکرد، دەیجا گوتم وەڵاهی چیرۆکی تۆی تێدا بوو، لە سانسۆر لایان برد، بەداخەوە برادەرێک ئێستا لە کفری پەیکەریشیان بۆی کردووە، ئەو بەسەر ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردییەوە ڕەقیب بوو.

**ڕامان:** بەو قسانەت وا دیارە بەنیاز نیت جارێکی دیکە بێیتەوە سەر وەرگێڕانی نموونەی جوانی چیرۆکی کوردی؟ هەندێک لەو نموونانەی وەک ئەوانەی موکری و خەڵکی دیکە وەربگێڕیتە سەر زمانی عەرەبی؟

**حەسەن جاف:** کاک ئازاد، هەروەک عەرزم کردی، ١٠ ساڵە من دۆخێکی دەروونیی زۆر خراپم تووش بووە، تەنانەت چوومە لای دوکتۆرێک گوتی مەمنوونی خوا بە، تۆ خەریکی خوێندنەوە و نووسینی، ئەگینا ئێستا لەسەر جادەکان کەوتبووی. دەی بیهێنە بەرچاوی خۆت، من ١٨ ساڵە بەم تەمەنەوە بەتەنیا دەژیم.

**ڕامان:** ژیانی تەنیایی زۆر ناخۆشە.

**حەسەن جاف:** هەروەک پێشتر عەرزم کردی، ١٠ ساڵە بەشێکی ڕۆمانی (کۆڕەو)م ماوە، حەرفێکم لێ نەنووسیوە. جەنابت باسی یادداشتەکانت کرد، بڕوا بکە، ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێ، هەتا ئێستا بیست جار زیاتر، ویستوومە یادداشتەکانم بنووسم، دەفتەریشم بۆی کڕیوە، کە دێم دادەنیشم، ناتوانم دێڕێک بنووسم. تووشی بارێکی دەروونیی زۆر خراپ بووم، ناتوانم هیچ بنووسم، ١٠ ساڵ زیاترە یەک چیرۆکم نووسیوە، ئەویش (چەند لاپەڕەیەک لە یادداشتەکانی پیاوێکی لەبیرکراو)ـە.

**ڕامان:** ئەی باشە بۆچی کار لەسەر ئەوە ناکەی کە بارێکی دەروونیی باشتر و گونجاوتر بۆ خۆت بخولقێنی؟

**حەسەن جاف:** ئاخر چۆن ئەمە بکەم، نازانم!

**ڕامان:** بە قسەی تۆ هیچ ڕۆچنەیەک، بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخەی تێیدا دەژی نییە؟

**حەسەن جاف:** زۆر بیری لێ دەکەمەوە، هیچ دەروازەیەک نابینم، نازانم، ڕەنگە من،

خـۆم وەک ئـەوەی کـە لـە ڕووی دەروونییـەوە داڕووخابێتـم، ئەمـە بابەتێکـی تـرە، بـەڵام خـۆم تررووسـکەیەک نابینـم. زۆریشـم پـێ خۆشـە هیـچ نەبـێ بتوانـم ئـەم یـەک دوو ساڵەی تەمەنـم کـە مـاوە، هەنـدێ شـت بنووسـم.

**ڕامـان:** یەکێـک لـە هـۆکارە گرنگەکانـی سـەرکەوتنی وەرگێـڕان، ئەوەیـە کـە ئـەو بابەتـەی هەڵیدەبژێـری لەگـەڵ حـەز و خولیـای تـۆ بگونجێـت، تـۆ پێشـتر باسـی ئـەوەت کـرد کـە هەنـدێ وەرگێـڕان لەبـەر بارودۆخێکـی تایبەتـی دەکـەی، بـەڵام پێویسـتە لەپـاڵ ئەوەشـەوە هەوڵیـش بـدەی هەنـدێ کار بکـەی کـە لەگـەڵ زەوقـی خـۆت بێتـەوە؟

**حەسـەن جـاف:** نازانـم پێشـتر پێـم گوتی، یـان نا، لـە (خانـەی موکریانی)یش، کـە کتێبێکـم دەدەنـێ، ئەگـەر بەدڵـم نەبـێ نایکـەم. لـەو بەینـە کتێبێکـم ڕەت کـردەوە، کاتـی خـۆی بـۆم بـاس کـردی. زیاتـر مێـژووی کـورد، لـەم دوایییـەش دوو سـێ ڕۆمانـی وەک (مەرحەبـا ئـەی خـەم)، و (چیرۆکـی خۆشەویسـتییەکی مەجووسیانە) و ئەوانـەم وەرگێڕا، واتـە ئەگـەر بەڕاسـتی زەوقـم لـە بابەتەکـە نەبێـت و لەگـەڵ بۆچوونـی خـۆم نەگونجێـت نایکـەم، دەڵێـم کتێبێکـی دیکـەم بدەنـێ. بـۆ نموونـە، لـەم بەینـەدا کتێبێکیـان لەسـەر سـەلاحەددینی ئەیووبـی دامـێ، نەمکرد و گوتـم مـن ئەمـە ناکـەم.

**ڕامـان:** دەتـەوێ بڵێـی ئەگـەر تەنانـەت پـارەی باشـیش بـدەن، تـۆ هـەر ڕەتـی دەکەیتـەوە؟

**حەسـەن جـاف:** تەنانەتـی تێدا نییـە، پـارەی بـاش دەدەن، ئەوجـا نەمکـردووە.

**ڕامـان:** لەگـەڵ ئەوەشـەوە تـۆ وەرگێڕانەکـەت ڕەت کردووەتـەوە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامـان:** ئـەوە بـۆ وەرگێـڕ و نووسـەر هەنگاوێکـی باشـە، بەتایبەتـی ئەگـەر بابەتێـک لەگـەڵ قەناعەتـی خـۆی نەگونجێـت، بـا نەیـکات.. تـۆ پسـپۆڕیت لـە جوگرافیـادا هەیـە، بـەڵام ئەوەنـدەی سـەرنجم داوە، تـۆ زیاتـر بابەتـی مێژوویـی وەردەگێـڕی، پێشـتریش ئەوەنـدەی مـن ئـاگام لـە کاری تـۆ بووبێـت و کتێبەکانتـم خوێندبێتەوە، هیچ مەیلێکـت بـۆ لای مێـژوو نەبـوو، بـۆ نموونـە وتـار لەسـەر مێـژوو بنووسـی، یـان لەسـەر جوگرافیـای کوردسـتان بنووسـی، ئـەم بەسـەرداکەوتنە بـۆ وەرگێڕانـی مێـژوو، بەتایبەتـی مێـژووی کـورد، چـۆن بڕیـارت لـێ دا؟

**حەسـەن جـاف:** پسـپۆڕیی مـن لـە جوگرافیایـە، بـەڵام وەک پێشـتریش باسـم کـرد لـە ناچـاری چوومـە ئـەو بەشـەوە، لەبـەر ئـەوە نەبـوو کـە حـەزم لێـی بێـت. نازانـم ئێسـتا چۆنـە، بـەڵام مـن کـە مامۆسـتا بـووم، سـێ وانـە بەسـەریەکەوە هەبـوون، کۆمەڵایەتییـان پـێ دەگـوت، یـەک مامۆسـتا دەیگوتـەوە، مێـژوو و جوگرافیـا و پـەروەردەی مەدەنـی، لەبـەر ئـەوە شـارەزاییم لـە مێـژوودا هەیـە، هەروەهـا بـە حوکمـی ئـەوەی خـۆم وەک نەتەوەییـەک بیـر دەکەمـەوە، حـەزم لـێ بـووە ئـەو شـتانەی پێوەندییـان بـە مێـژووی کـوردەوە هەیـە، ئەوانـە بکـەم بـە کـوردی.